# دەنگی ئەدەبی نوێی کوردی
# لە (( گۆڤاری ڕزگاری )) دا
# ١٩٦٩ — ١٩٧٠

پ. ی. د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد/ کۆلیجی زمان / زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی :**

ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانەوە ( کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ) تا ئەمڕۆ ،ئاوێنەو تۆماری مێژووی سیاسیی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ڕۆژگارو سەردەمی خۆیان بوون ، دەنگی ئەو ناوەندە بوون کە لێوەی دەرچوون و پەخش و بڵاوبوونەتەوە ، ڕۆژنامە نووسی کە زمانحاڵی دەستەبژێرو گروپ و ڕێکخراوو حیزبی سیاسیی بووە ، بە مەبەستی وریابوونەوە و ئاراستەکردن و دروستبوونی ڕای گشتی ، گوتاریان کردۆتە هۆکارو پردی پەڕینەوە لە دواکەوتوویی یەوە بۆ پێشکەوتن و لە پەرتەوازەی دیدو بۆچوونەوە بۆ یەك هەڵوێستی و ناساندنی هاودەنگ و نەیارو ڕێنوێنی شێوازی نوێ و نوێبوونەوە لە مەیدانە فیکری و ڕووناکبیریەکەدا ٠

ڕۆژنامەنووسی ڕێکخراوە حیزبیەکان هەمیشە لە پێشەوەی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیی ڕووناکبیرییەکانیاندا بوون و بە نهێنی و ئاشکرا خزمەتی زۆریان بە گەشەی بیرو ئایدیا و ئەدەب و زمانی کوردی کردووە ، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە وێرای شیعری هاوچەرخ ، پەخشانی هونەری بە هەموو بەشەکانیەوە ، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا چاویان تروکاندو کەوتنە سەرپێ و لق و ژانری زۆریان لێبوەوە ٠

هەل و مەرجی سیاسیی ڕۆژانی ژێر دەستەیی و کۆت و بەندی سانسۆری هەمە چەشنە وەك ئەوەی نەیهێشتووە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان لە کەش و هەوای ئازادیدا پەخش بن و بەردەوامی بەخۆیانەوە ببینن ، لێ نەگەڕاون قەڵەمی هەڵسەنگاندن بگاتە لاپەڕە و وتارەکانیان و شوێنی شیاوی خۆیان لە مێژووی ڕۆژنامە نووسیی و مێژووی ئەدەب دا بدرێتێ ، قەڵەمی نووسەرو ڕۆژنامە نووسیی و شاعیرەکانی هەر قۆناغێك بخرێتەوە یاد و بە نەوەی نوێ بناسرێن ٠

گۆڤاری (ڕزگاری)[1] وەك یەکێك لە گۆڤارە دانسقە و نەوازەکانی کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوو ١٩٦٩-١٩٧٠ لە ڕێگای پازدە ژمارەی دەوڵەمەندەوە لە فیکرو بابەتی سیاسیی و کەرەسەی تایبەت بە هەل و مەرجی بابەتیانەی قۆناغەکەوە ، لەو دەرفەتە کورتەی تەمەندا و لەو

ژماره کەمانەیدا ، خۆی لە خۆیدا هەوڵێکی نوێیە بۆ ڕاچەنین و بوژاندنەوەی ناوەندە سیاسیی و ئەدەبیەکە ، ئەگەرچی ئامانج و بەرنامە سیاسیی گۆڤارەکە زۆر نوسین و توێژینەوە هەڵئەگرن ، ئەم توێژینەوەیە تەنیا تیشك ئەخاتە سەر بابەتە ئەدەبیەکانی ناو لاپەڕەکانی گۆڤارەکە لە شیعرو پەخشانی هونەری و هاوسەنگی و بەراووردیێ ئەکات لە نێوان قۆناغی پێش دەرچوون و دوای دەرچوونی گۆڤارەکە ، ئەوەی پێویستە بوترێ ئەم توێژینەوەیە یەکەمین توێژینەوەیەکە سەر لایەنە ئەدەبیەکەی گۆڤاری ڕزگاری کرابێت و هەوڵێکی نوێیە بە پێی مەودای توێژینەوەکە ، کە زۆر زیاتر و توێژینەوەی تر هەڵئەگرێ ، هەر بەو هۆیەش هەوڵی چڕکردنەوەی مەبەست و نموونەکانمان داوەو کورت بڕیمان لە هەنگاوەکاندا بەکاربردووە ٠

### کورتە مێژوویەکی گۆڤاری ڕزگاری :

بۆ بەرچاو ڕوونی لە هەل و مەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێشوو ، پێویستە بە خێرایش بێت ئاوڕ لە مێژوویەکی پێشینە بدەینەوە و لە نێوان کودەتای ١٤/تموزی/١٩٥٨ز ەوە تا دوا ژمارەی گۆڤارەکە (١٤،١٥) ی ٢٧ی مارت ١٩٧٠ واتە دوای ڕێکەوتنامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ ، کە دیارە سەردەم و قۆناغ و ڕۆژانێکی ئاڵۆز و دژوارن ، قەڵەمی مێژوونووس و سیاسەتمەداران کەمتر لە عویێەی هاتوون ، لەبەرئەوەی بەشێك لە ڕووداوەکان کاریگەریان بەسەر ئەمرۆمانەوە هەیە ، پەردە پۆش کراون و بەباش زانراوە برین وئازارو مەینەتییەکانی هەڵنەدرێنەوە ، وەك توێژەرێکی ئەدەبی وڕۆژنامەنووسیی زیاتر پارەسەنگی مەبەست و ئامانج ئەخەمەتای بزووتنە ئەدەبی و ڕۆژنامە نووسیی قۆناغەکەوە و کاریگەری ڕەوتی سیاسی تەنیا بۆ ئەو لایەنە بەکار ئەبەم ، باشترە ڕووداوە سیاسیی و گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی باشوور لەو ساڵانەدا بەرەو ڕووی پسپۆڕو قەڵەمی بوێری تایبەتمەندبکەینەوە ٠

گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتی و سیستمی فیئوداڵی لە عێراق دا بۆ ڕژێمی کۆماری هەڵتەکانی ئەو پەیوەندی سیاسیی و کۆمەڵایەتیە لە دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ەوە ، گۆڕانی گەورەی لە کۆمەڵگادا بەرپاکرد ، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبیانەی لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە نهێنییەکانەوە دەرئەچوون و سانسۆری توندیان لەسەر بوو دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کەش و هەوایەکی ئازادیان بۆ رەخساو کەوتنە خەباتی ئاشکراو ، بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەوڵەتی دروستکراوی عێراقدا واتە لە ساڵی ٢١ەوە ، لە دەستوری کاتی عێراقدا ، کورد وەك هاوبەش لە پێکهاتەی عێراقی کۆماری دا ناوی هاتوو لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا دان بە مافە نەتەوایەتیەکانیدا نرا ، ئەگەرچی دواتر ڕژێمی کۆماری لەو هەڵوێستە پاشەگەزبووەوە لە ژێر فشاری تەوژمی شۆفێنی ناسیونالیزمی عەرەبدا کەوتە پەلامارو هێرش بۆسەر کوردستان کەبەناچاری کورد بە بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١وەڵامی ڕژێمی درایەوە ، ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان وەك (هیوا ، ڕۆژی نوێ ، خەبات ، ئازادی ، شەفەق ٠٠٠٠ هتد )[٢] ڕۆڵی بەرچاویان لە هۆشیاری سیاسیی دا بینی و حیزبە کوردستانی و عێراقیەکان وروژێنەری جەماوەر بوون بۆ

داکۆکی لە مافی زەوت کراوی گەلانی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانەوە ٠

هەروەها لە بواری لە چاپدانی کتێبی کوردی دا ، ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان لە ساڵی ١٩٥٨ دا گەیشتە (٥٤) کتێب و ئەم ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشتردا زۆر روو لە هەڵکشانەوەو تا ساڵی ١٩٦٠ڕوو لە زیادبوونە[٣] بەڵام دوای ساڵی ١٩٦١ بە هۆی پاشگەزبوونەوەی ڕژێمی عبدالکریم قاسم لەو بەڵێنانەی بە کوردو گەلانی عێراقی دابوو ، هەل و مەرجی سیاسیی لە دوای ئەو ساڵەوە ڕووەو ئاڵۆزی هەنگاوی ناو لە یازدەی ئەیلولی ١٩٦١ دا پارتی دیموکراتی کوردستان شۆڕشی چەکداری هەڵگیرسان ، ئەم بارودۆخە نوێیە سەرەتا بە هێرشی ڕاگەیاندن دەستی پێکرد دواتر قاڵبی هێرشی سەربازی گرتە خۆی ، هەر لەو ساڵەوە (١٩٦١) چاپەمەنی کوردی کەوتە کزی و ڕۆژنامەی (خەبات) زمانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٦١/٣/٢٣ دا داخراو ئیراهیم احمد (سکرتێری پارتی) تۆمەتی کوشتنی صدیق میرانی درایە پاڵ و مۆڵەتی ڕۆژنامەکەی لێسەندرایەوە ، ناچار ڕۆژنامە نووسیی حیزبی یە (کوردیەکان) ڕوویان کردە خەباتی نهێنی و لە ناوچە ڕزگار کراوەکانی (ماوەت ، چۆمان ، ٠٠٠٠) سەنگەری وشەو دروشمی بەرگریان کردە ئامانج ٠

هەر لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشەوە ڕێژەی ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکان و چاپەمەنی کوردی ڕووەو کزی هەنگاوی ناو لە جموجۆڵ کەوت ، عمر معروف بەرزنجی ، لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە سەباەت بە ڕەوتی چیرۆکی کوردی لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٦٩ دا کردویەتی ، ئەنووسێ :

(( لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢بەدواوە بە هۆی ئاڵۆزی باری سیاسیی وڵات و گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و بە گژداچوونی حوکمی قاسمەوە سەرجەم لقەکانی ئەدەبی کوردی هاوێژرایە سەردەمێکی شەوە زەنگ و ئەنگوستە چاوەوە ٠

بە جۆرێکی ئاشکراش بەربەرەکانی چاپەمەنی کوردی دەکراو دەرفەتی بڵاوکردنەوەی لێگیرابوو ، لە لایەکی تریشەوە مافی ئیشکردن لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش سەندرایەوە ،بە تەنهایش تروسکایی ڕۆژنامەی (ژین) دەبینرا ئەویش فووی لێکراو کوژێنرایەوە ))[٤] ئەمە لە لایەنە دەرەکی و شاڵاوی داگیرکەرانەی ڕژێمی قاسم بۆ سەر کوردستان و چاپ و چاپەمەنی و هەوڵی سوتماکی کوردستان بە هەموو ئاکارو ڕفتارێکی دژە مرۆڤانە ، وێرای ئەوەش هەر لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ ەوە سەرەتا ناکۆکی و پەرت بوونی فیکری و سیاسیی کەوتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاراستەکان بەرەو لەتبوون و بەرەنگاری ئەچوون ، هەر چەندە ئەم تەقینەوەیە تا ساڵانی ١٩٦٤ دواکەوت ، بەڵام لەو ساڵەوە تا ڕێکەوتنامەی یازدەی ئازار ١٩٧٠ کەوتە قۆناغێکی دژوارو شەڕی ململانێ سەخت لە نێوان هەردوو باڵی پارتی (باڵی مەکتەبی سیاسیی و باڵی بارزانی )

((ئەگەر لە مێژووی سەردەمدا ساڵانی نێوان (١٩٦١-١٩٧٠) شوێنی ڕووداوە گەرمەکان و ئاراستە جۆربەجۆرەکان و گۆڕانکارە سیاسیەکان بێت ئەوا لە ناویاندا ساڵانی (١٩٦٤-١٩٧٠) بە تەوژمترین وێستگەی ئەو قۆناغە لە خۆیدا چڕ دەکاتەوە ، ئەویش لەبەرئەوەی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و لەتبوونی شۆڕشە))[٥]

ئەم ململانێ و شەڕە خوێناوییە نێوان هەردوو باڵەکەدا کاردانەوەیەکی نەگیتیڤانەی بەسەر باڵی ڕۆژنامە نووسیی و چاپەمەنیەوە هەبوو ، هەر بەو هۆی ناوەکی و سانسۆری دەرەکی یەوە، بلاْوکراوە کوردییەکان لە بەر چاو ونبوون و لە ماوەی ١٩٦٢ تا ١٩٧٠چەند ژمارەیەکی کەم لە ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین ١٩٦٤ ، برایەتی ١٩٦٧ و پاشکۆی النور ١٩٦٩ بەکوردی ، دەرچوون ) ٠

دەچوونی گۆڤاری ڕزگاری لە ناو چەقی ئەو ململانێ یە فیکری شەڕە ناوخۆییەدا ، لە لایەك هەوڵی هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو زیندوو کردنەوەی پەیامی (ڕزگاری ٩٤٦ و ١٩٥٩) بووە کە ڕێبازی سۆشیالیستی یان کردبووە بەرنامە و ڕێنوێنی خەباتی ئەو قۆناغە ، هەر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان ئەم چەند بڕگەیە لە سەروتاری ژمارە یەك وەرئەگرین :—

(( ڕزگاری ئەم جارەشی هەر ڕزگاری جاری جارانە ، هەر گۆڤارەکەی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی کوردایەتی یە هەر هەمان پەیامی هەیە کە (ڕزگاری) لە سەرەتای دەرچوونی یەوە هەیبوو ، پەیامی ڕزگاری دیموکراسی و سۆشیالیزم ))[٦]

دیارە هەل و مەرجی ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەم کە ڕزگاری پێشووی تیادا دەرچووبوو لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ هەل مەرجی ساڵانی ١٩٦٩ دا جیاوازی زۆری بووە ، هەر لە بەربەستی سانسۆرەوە تا شێوازی ململانێ ی فیکری و شێوازی نووسین و شوێن و کارتی دەرچوون ، دامەزرێنەران و (خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو ) هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانانە ئەکەن کە لە هەل و مەرجی سیاسیی ناوخۆو دەرەوە دا ڕووی داوە جەخت لەسەر ئەو لایەنە ئەکەنەوە کە سوود وەرگرتن لە تێوری سۆشیالیستی زانستی ، ئەبێ لە پێناوی گەشەی کۆمەڵی کوردەواری یدا بێت و ناساندنی خواستە ڕەواکانی بێت ((چاکتر موتوربەکردنی کوردایەتی بە بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانەو سۆشیالیستی علمی زۆر بلاْوکردنەوەی بیروباوەڕی سۆشیالیستی لە ناو کۆمەلاْنی زەحمەتکێشی و ڕەنجدەری خەڵك دا))[٧]

((نەوشیروان مستەفا)) کە خاوەنی ئمتیازی گۆڤاری ڕزگاری‌یە ، لە بارەی مێژوو و مەبەست و بەرنامەی گۆڤارەکەوە ئەڵێ ((ساڵی ١٩٦٩ ئیمتیازی گۆڤارێکی هەفتانەمان وەرگرت لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە شازاد صایب[٨] کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی من بوو ، من خاوەن ئیمتیازو ئەویش سەرنووسەر بوو کە گۆڤاری ڕزگاری بوو ، دیارە گۆڤارەکە سەربەخۆ نەبووە ، هی باڵێکی پارتی بوو ، وەکو چۆن نور بە زمانی عەرەبی دەردەچوو ، مەبەستی سەرەکی دەرکردنی گۆڤارەکەش ، خۆشکردنی زەمینەی بلاْوکردنەوەی بیری مارکسی بوو بە شێوەیەکی نوێ ، ئامادەکردنی زەمینەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسیی نوێ بوو کە لە دواییدا بووە بنکەیەکی ئایدۆلۆژی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ))[٩]

لێرەوە دەرئەکەوێ کە (ڕزگاری) هەوڵێکی نوێ بوو بۆ لە دایك بوونی ڕێکخراوێکی کوردستانی نوێ بە بەرنامە و جیاواز لەو دوو باڵەی لەو ساڵانەدا لە گۆڕەپانی کوردستانی باشووردا لە ململانێی سیاسیی و چەکداریدا بوون ، هەر لەبەر تایبەتمەندیە و بایەخدانە بە بیری چەپ و ڕووکردنە کۆمەلاْنی ڕەنجدەری کوردستان و تەرخانکردنی وتارە فەلسەفی و بابەتە سیاسیی و ئەدەبی و مێژوویەکانی بۆ ئەم مەبەستە بابەتە ئەدەبیەکان بەرەو ئەو لایەنە فیکریە بران ٠

### ژانرەئەدەبیەکان و شوێنیان لە گۆڤاری ڕزگاری دا :

گەرچی گۆڤاری ڕزگاری وەك گۆڤارێکی ئایدۆلۆژی هاتە ناوەندەی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە بەو دەرفەتە کورتەی بۆی لوابوو ((٢٠/٤/١٩٦٩ تا ٢٧/٣/١٩٧٠)) کە دیارە بۆ بەرنامە ڕێژی و کاریگەری گۆڤارێکی فیکری ماوەیەکی کورت و کەم خایەنە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو پازدە ژمارەیەدا شوێنی سەرنج و بایەخن لە زۆر لایەن و ڕەهەندەوە ، تەوژمێکی نوێیە لە بواری نووسینی وتاری فەلسەفی و سیاسیی و مێژووی و ئەدەبی ، دەنگی قۆناغێکی ترە و جیاوازە لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی خۆی ،تۆژەر پێ ی وایە هەڵبژاردنی شاری سلێمانی بۆ شوێنی سەرەوکاری نووسین و لە چاپدان و بڵاوبوونەوەی (ڕزگاری) هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ئەو تایبەتمەندیە ، لەبەرئەوەی سلێمانی زووتر بە کاری چاپ و ڕۆژنامەنووسی ئاشنابووە و ڕۆژنامەی (پێشکەوتن ١٩٢٠-١٩٢٢) دەستپێکی ڕۆژنامە نووسیی کوردستانی باشوورە ، هەر لەم شارەدا یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی کورد لە سەدەی بیستەمدا ، دەنگ و سەدای خۆی هەبووەو (بانگی کوردستان ، ڕۆژی کوردستان ، بانگی هەق و ئومێدی ئیستقلال) ساڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ بەڵگەی ئەو بۆچوونەن ، هەروەها بوونی ڕۆژنامەی ئەدەبی ڕووناکبیری گشتی وەك ژیان و ژین و گۆڤاری ڕۆژی نوێ ١٩٦٠-١٩٦١ ٠٠٠هتد بەردەوامی ڕەوتی ڕۆژنامە نووسیی بوێرو چالاکە لەم شارەدا (ڕزگاری) لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ناوەندەکەیدا ، سەرکەوتوو بوو ، ڕۆژنامە و بڵاوکراوە زمان حاڵی ئەو ناوەندەیە کە لێوەی دەئەچێ و هەر بۆ ئەوان بە گشتی ئاراستە ئەکرێت خاڵێکی تر کە هاندەری و پاڵپشتی ڕزگاری بووە تا سڵ لە نووسینی ڕەخنە ئامێز و تەنانەت هێرش کەرانە نەکاتەوە ، نەبوونی سانسۆر بەسەر گۆڤارەکەوە لە هەر دوو ئاراستەکەوە : لەناو دەستەو بنەماڵەی ڕزگاری و ئازادی نووسین وڕادەبڕین هەبووەو بە جورئەتەوە ئەوەی کە ویستراوە بە نووسین وتراوە ((ئەوەی ویستومانە نووسیومانە،هیچ سانسۆرێکی سەرەوەی حیزبیمان بەسەرەوە نەبووە ، ئێمە خۆمان دەستەیەکی نووسەرانمان هەبووە ناوی بنەماڵەی ڕزگاری بوو،مام جەلالیش تێدابوو))[١٠]

لەو هەل و مەرجە سیاسیەشدا ، دەوڵەتی عێراق و ڕژێمە ناوەندیەکی ، نەیتوانیوە دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ و ڕێگا لە قەڵەمی بوێر و بەر هەڵستکار بگرێت ٠

وەك لە هەڵدانەوەی لاپەڕەی گۆڤارەکەدا دەرئەکەوێ لە دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەك ، بەرهەمی زۆری ئەدەبی لە شیعرو چیرۆك و وتار ناردراوە بۆ گۆڤارەکە[١١] ، ئەمە ئەوە ئاشکرا ئەکات کە ناخی پەنگ خواردووی شاعیر و نووسەران پێویستی بە ڕووبەرێکی ڕۆژنامە نووسی بووە تا بتوانن بەهرەو توانای خۆیان بسەلمێنن ، ئەو مەودا و بازنەی بڵاوکردنەوەیە لە دوای ساڵی (١٩٦١) ەوە بە جۆری لە سلێمانی و کوردستاندا تەسك بوو بووەوە کە بڕستی لە وشەی کوردی بڕیبوو ، بەرنامەو سەرنجی گۆڤاری (ڕزگاری) بۆ بابەتە ئەدەبیە نێراوەکان ئاشکرایەو بژارکردنی بەرهەمەکانەو تەنیا دەرفەتی بڵاوبوونەوە بۆ ئەو بابەتەیە کە لە دوو توێی خۆیاندا ڕۆشنبیرییەکی نوێیان هەڵگرتووە ئەوانەی ماوەیەکی زۆر لەبەر گەلێ هۆ لە بەخشندەی چاپ بێبەش بوون ، دیارە سانسۆر هەمیشە بۆ ئەدەبی شۆڕشگێڕو نووسەری بە هەڵوێست لە کەمیندایە و ئەمانیش بۆ

دەرفەتی لەبارئەگەڕێن کە چ بە نهێنی یا ئاشکرا ڕقی پیرۆزی خۆیان بڕێژن ٠ لە لایەکی ترەوە (ڕزگاری) مەبەستی نویٚ کردنەوەی ئەدەبی کوردی یە ، بۆیە ئەنووسیٚ: ((هاندانی نووسەرو شاعیرە تازەکانمان کە وەك بە تاقی کردنەوە بۆمان دەرکەوتووە خاوەنی بەهرەیەکی فرە باشن و پێویستە کە ئەو بەهرانە پەروەردە بکرێن سودیان لیٚوەربگیریٚ ، ئەمە لە کاتێکیشدا کە نووسینی هەموو نووسەرێکی کورد بە چاوێکی ڕێزەوە سەیر ئەکەین بەمەرجێك کە لەگەڵ ڕێبازە پێشکەوتووەکەی ڕزگاری یا بگونجیٚ))[١٢] لەم نەخشەیەی کە گۆڤارەکە بۆ گەشەی ئەدەبی داڕشتووە و لە کرۆکی بەرهەمە بڵاوکراوەکاندا (بە شیعر و پەخشان) ەوە ، دەرئەکەویٚ کە ئەو ڕێبازی ئەدەبی یەی بایەخ پێدرا و بالاٚ و پشتگرتووبووە ، ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی‌یە لە ئەدەبدا ، کە تەواو ڕەنگدانەوە و کاریگەرری فەلسەفەی مارکسیزمی لەسەرەو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ئەم ڕێبازە ئەدەبی یە کە بە (ڕیالیزمی نوێی) یش ناودەبرێت ، لە سەرەتاوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕیالیزمی ڕۆمانسی و ڕیالیزمی ڕەخنە گرانەو ڕیالیزمی ڕووکەش ، سەری هەڵداو بە تایبەت ڕەتکردنەوەی لایەنە ڕەشبینییەکانیان ، دواتر لەگەڵ گەشەو بەرەو پێشچوونی توێژینەوەی سۆشیالیستی بە گشتی فەلسەفەی سۆشیالیستی زانستی بەتایبەتی بایەخ و هاندەری ئەو جۆرە ئەدەبە بوو کە لەگەڵ دیدو بۆچوونی بۆ کۆمەڵ و واقیع و ژیان ئەگونجیٚ ئەبێتە هۆکاری گۆڕانی بنەڕەتی و بزاڤی کۆمەلاٚیەتی ، ئەم ڕێبازە لە سالاٚنی سیی سەدەی بیستەمەوە بووە قوتابخانەیەکی فراوان و تا ڕادەیەك جیهانی و بنەماو پرنسیپیەکانی چوارچێوەیەکی فەلسەفی دیاریکراویان وەرگرت[١٣] ٠

لەبەرئەوەی ڕێبازی گۆڤاری ڕزگاری ((پەیڕەوکردنی پرۆگرامی سۆسیالیستی زانستی لە بیرکردنەوەو چارەکردنی ئەو کێشانەی دێنە کایەوە ، یەکێکە لەو مەرجانەی ئەبیٚ لەو نووسینانەدا بیٚ کە لێرەدا بلاٚوئەکرێنەوە (مەبەست گۆڤاری ڕزگاری یە م.د.)[١٤]...... )) . هەروەها بەبیٚ دوو دڵی سڵ کردنەوە مەبەستی هاندان و پشتگیری ئەم ڕێبازە ئەدەبی یە بوو (ڕیالیزمی سۆسیالیستی کە بە ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەش ناودەبرێت)[١٥] ئەوە پێویست ئەکات کە بنەما جەوهەرییەکانی (ڕیالیزمی سۆسیالیستی) لە چەند خالێکدا چڕبکەینەوە و دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەو خالاٚنەدا ، بەرهەمە ئەدەبیە بلاٚوکراوەکانی ناو پازدە ژمارەکەی گۆڤاری ڕزگاری شەن و کەو بکەین و ڕووی گۆڕان و گەشەکردن لە نێوان سەردەمی خۆی (شەستەکانی سەدەی بیستەم) و قۆناغەکانی تری سەرهەڵدان و گەشەی ئەم ڕێبازە ئەدەبیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بخەینە ڕوو ٠

ڕێبازی ڕیالیزمی سۆسیالیستی ڕایەڵ و سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ڕیالیزم کە مێژوویەکی دێرینی هەیە ، لە قۆناغێکی گەشەی بیری مرۆڤدا دەرکەوتووە هانی داوە لە کرۆك و ئاراستەی بزاڤی کۆمەڵ ڕابمێنیٚ ، سەرنجەکانی ملکەچی سۆزو ئارەزوو خواستی سەرکەش نەبن ٠ واتا گشتییەکەی ئەو شێوە ئەدەبییە ئەگرێتەوە کە خۆی کە بایەخ بە مرۆڤ و سروشتی ژیانی ڕۆژانەی ئەدات ، هەروەها ئەو ململانیٚیەی مرۆڤ و سروشت ئەیکەن بەرەو ژیانیٚ و گوزەرانی باشترو بەختەوەری هەرچی زیاتری مرۆڤ ، گەرچی وەك دەستەواژە و ناولێنانی وشەی (ڕیالیزم) لە ئەدەبدا ، سالٚی ١٨٥٧ چووە فەرهەنگی ئەدەب و ڕێبازە ئەدەبیەکانەوە ، ئەو ساڵەی چیرۆك نووسی

فەرەنسی (سانفیلۆری) ژمارەیەك وتاری ئەدەبی بلاوکردەوە و ناوی (ڕیالیزم) ی لێنان هەروەها هاوڕێیەکی گۆڤارێکی بەو ناوەوە دەرکرد(١٦) ، بەلام لە هەموو جۆرەکانی ئەدەبدا بە تایبەت فۆلکلۆرو ئەدەبی میللی ، زۆرینەیەکی زۆر لە سیمای ڕیالیزم ئەبینینەوە و کە وێنەی ڕاستگۆیانەی ئازارو خواست و کێشمەکێشمی مرۆڤی سادەو پەراوێز خراوە ، درکاندنی ئەو تابۆیانەیە (دەسەلات ، ئاین ، کۆمەل) چەپاندوویانەو دەستەو گروپ یان تاك بەناوی ئەوانەوە لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکاندا و بە زمانی خەلك دەری ئەبڕن و جەماوەر باوەشی بۆ ئەکاتەوەو ئەزبەری ئەکات (١٧) .

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و قۆناغ بە قۆناغ لەگەل بەرەو پێشچوونی کۆمەل و بەرپابوونی شۆرشی کشتوکالی و شۆڕشی پیشەسازی و سەدەی بوژاندنەوە (ڕێنیسانس) ی ئەوروپا ، کارەسات و کێشەی نوێ سەریان هەلدا ، بە دروستبوونی چینی بۆرژوای خاوەن سەرمایەو چینی کرێکارو، دابەشبوونەوەی سەرلە نوێی کۆمەل ، گواستنەوەی ناکۆکییەکان لە لادێ وە بۆ شارو لە نێوان جوتیارو فیئودال دا ملانێی نێوان هێزە بەرهەم هێنەکان و پەیوەندی بەرهەم و خاوەن بەرهەم هەر لەو گۆڕانە فیکری سیاسی و کۆمەلایەتی یەوە ، لەگەل گەرمەبوونی ململانێکاندا چەندین جۆری ڕیالیزم سەری هەلدا کە بە زیاتر لە سیی جۆر ناوزەدەی ئەکەن لەوانە (ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ، ڕیالیزمی نموونەیی ، ڕیالیزمی گالتە ئامێز ، ڕیالیزمی نەتەوەیی ،ڕیالیزمی سروشتی ،ڕیالیزمی سۆشیالیستی،ڕیالیزمی دەروونی ،ڕیالیزمی ڕۆمانسی،ڕیالیزمی..هتد) (١٨). ئەم جۆراوجۆرەیەش لە ڕیالیزمدا ، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەما فەلسەفییەی لێوەی سەرچاوەی گرتووە . بەلام ئەو ڕیالیزمەی زیاتر کاریگەری لە نوێبوونەوەی ئەدەب و بەرەنگاربوونەوەی تەوژمی ڕۆمانسی ڕەشبینیدا هەبوو ، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە بوو کەلە دایکبووی سەدەی نۆزدەیەمە ، ڕەگی ئەچێتەوەسەر سەدەی ڕینسانسی ڕۆژئاوادا . ڕیالیزمی ڕەخنە گرانە بەو خەسلەتانە ناسرا کەسەرنجی گشت گیری هەیە بۆ مرۆڤ و ژیان و هەریەکەیان ئەبەستێتەوە بەوی ترەوە ، لە ڕوی جوانکارییەوە مرۆڤ وەك تاك وەرناگرێت بەلکو وەك بوونەوەیەکی ئاوێتە بە پانتاییەکی گەورەتر ، کە کۆمەلە . کەواتە هێزە کۆمەلایەتییەکان کار ئەکەنە سەر کاری ڕۆژانەی تاکەکان ، ڕیالیزمی ڕەخنە گرانە بابەت و کەرەسەکانی لە کۆمەلەوە وەرئەگرێ و زیاتر سیمایەکی ڕەش بینی پێوە ئەنێ و ڕاستەوخۆ داوای گۆڕان و چارەسەر ناکات ، بەلکە زیاتر ڕۆلی وریابوونەوەو وشیاری کۆمەلایەتی ئەبینێ . دیارە ڕیالیزمی ڕەخنە گرانەو شەقل و هەنگاو بەرەو پێشچوونی کە باس و نووسینی زۆری ئەوێ ،بووە بنەماو سەرهەلدان و دروستبوونی ڕێبازی سۆشیالیستی کە ئەگەر چی لەلایەن بایەخدان بە بابەت و ڕووکردنە کۆمەل و وەلانانی تاکرەوی ، لە ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنە گرانە ئەچێت و قورسایی زیاتر ئەخاتە سەر ئەو لایەنانە بەلام لە خالێکی سەرەکیدا جیاوازن ئەوەشی ئەوەیە کە ڕیالیزمی ڕەخنە گرانە ژیان وەك پێگەی شەڕو ئاژاوە ئەبینێ و سیما تال و وێنە تەلخەکانی بە شێوەیەك ئەخاتەڕوو کە زیاتر نا ئومێدی ببەشێتەوەو بێنوێنی و چارەسەر توانج و پلارەکانی لە ڕێگای بەرهەمی ئەدەبییەوە ئەخاتە ڕوو ، بەلام ڕیالیزمی

سۆشیالیستی بە چاوێکی گەشبین و نوێبوونەوە ئەڕوانێتە دەرئەنجامی نەهامەتی تاك و كۆمەڵ و ڕێگای خەبات و بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوەی بۆ دەست نیشان ئەكات ٠ پاڵەوان لە بەرهەمی ڕیالیزمیە سۆشیالیستیەكاندا ، كوڵنەدەرو شۆڕشگێڕن و مانای بەزین نازانن بەڵام لە ڕیالیزمی ڕەخنە گرانەدا زۆر جار مایەی بەزەیی پیاهاتنەوەو زۆزو ئاخ و حەسرەتن بۆ نموونە جیاوازی نێوان (كۆمیدیای مرۆڤ) ی بەلزاك و (دایك) ی مەكسیم گۆركی ، یان لە ئەدەبی كوردیدا نموونەی (مەسەلەی ویژدان) ی ئەحمەد مختار جاف و (پێشمەرگە) ی ڕەحیمی قازی و لە شیعریشدا نموونەی تر زۆرن ٠

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ، گۆڤاری ڕزگاری هێڵی سیاسی خۆی ئاشكرا و ڕوون دیاریكردبوو كە ((پەیامی دیموكراسی و سۆشیالیزم............

باشتر ڕوون كردنەوەی مێژووی خەباتی گەلەكەمان و توند بەستنەوەی ڕابووردووی تێكۆشەرانەمان بە ئایندەی درەخشانی خەباتمان ، وەتوند تێكەڵاوكردنی ڕاستی بە گشتییەكانی نەزەرییەی سۆشیالیستی عیلمی لەگەڵ زروفی گەلەكەمان و خاسیەتە تایبەتیەكانی خەباتەكەیدا )) [١٩]

تیۆری سۆشیالیستی زانستی كەسایەی بەسەر ڕێبازی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەدا كردبوو ئەو كاتەی شۆڕشی ئوكتۆبەری ڕووسی سەركەوتوو سیستمی كۆمۆنیستی دامەزرا ٠ ئەو ڕێبازەش گەشەی كردوو لە ساڵی ١٩٣٤ جاڕی لە دایكبوونی خۆیدا و لە سۆڤیەتی ئەوساوە پریشكی گەیشتە بەرهەمی شاعیرانی وڵاتە ڕۆژئاواییەكان (لۆركا) ی ئیسپانی و (برێخت) ی ئەڵمانی و (ئەراگۆن) ی فەرەنسی و (ناڤم حیكمت) ی توركی و (پاپلۆنیرۆدا) ی شیللی و شاعیران و نووسەرانی تر [٢٠] ڕێبازی ڕیالیزمی و ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە ئەدەبی كوردیدا لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە بە ناوەڕۆكێكی نوێ و شێوازێكی كلاسیكی هاتە گۆڕپانی ئەدەب و دواتر لە نێوان هەردوو جەنگی و جیهانی و كۆتای شەڕی دووەمی جیهانی و سەردەمی شەڕی سارددا پەرەی سەندو بەهۆی درووستبوونی پارتی كۆمۆنیستی عێراق و حیزب و ڕێكخراوی ماركسی لە عێرا ق و كوردستاندا ، ڕیالیزمی سۆشیالیستی بنجی خۆی داكوتاو ئەگەر چی كەمینەیەك ئەم ڕێبازەی گرت ، لە سەرو هەموویانەوە (گۆران) تا ماڵاوایی ١٩٦٢ و بەرهەمەكانی بەو ئاماژەدا برد[٢١] ، بۆ نموونە ((گۆران)) لە (بەستەی نەبەزدا) وێنەی پاڵەوانێكی بە ورە و قارەمان نیشان ئەدات كە هەمیشە گەشبینە بە ئایندەو خواست و ئامانجی ئاسوودەی مرۆڤە لە هەر كوێ بێت ، بەرەی ململانێی زۆردارو زۆر لێكراو ئاشكرا ئەكات و بەبڕواوە , ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی لە سەركەوتن دڵنیا ئەكاتەوە :

من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریكا
هەتاوی بیر ڕووناك ئەكا بەرچاوم
بەناو هەزار حەڵقەی داوی باریكا
قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم

***

من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشتە !
با سامداربێ و پڕدڕك بێ ڕێی ڕاستم
مادام هێزی زۆربەی گەلم لە پشتە !
دڕك گوڵەو ترس ئارامە بۆ خواستم......))

تۆژەر و ئەدەبیاتناس و شارەزایانی تیۆرو ڕێبازە ئەدەبیەکان ، خەسڵەت و سیما وشەقڵی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستیان بەچەندین خاڵ لە ڕێبازە ئەدەبیەکانی تر ( کلاسیك ، ڕۆمانتیك و سمبولیزم و سوریالی) و تەنانەت لە جۆرەکانی تری ڕیالیزم کە هەموویان لە ئامانجە گشتیەکانی وەك واقیع بینی و ڕووکردنە کۆمەڵ و پەیامداری و هەوڵی گۆڕانی واقیعی کۆمەڵایەتیدا چوون یەکن ، بەڵام هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە جۆرە پەیامێکی بۆ مرۆڤ و واقیعەکەی پێیە ، لێرەدا لەبەر کەم مەودای تویژینەوەکە ناچارین تایبەتمەندی ڕێبازی (ڕیالیزمی سۆشیالیستی لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە :

- ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە واقیعەوە (واقیعی مادی) یەوە سەرچاوە ئەگرێ و بنەماکەی ڕیالیزمی ڕەخنە گرانەیە کە پێش مارکسیزم لە ئەوروپادا سەری هەڵدابوو ٠
- ئەم ڕێبازە هەوڵ ئەدات بە تێگەیشتنی قوڵەوە باس لە واقیع بکات ، هۆکارو پێکهاتەی کۆمەڵ ، ململانێی چینایەتی ، ئەو فاکتەرانەی گۆڕان لە کۆمەڵ دا دروست ئەکەن و لە بارودۆخێکەوە ئەیگۆڕن بۆ دۆخێکی تر ٠
- نووسەر و ئەدیب و دەستەبژێر لەبەر ڕۆشنایی ڕیالیزمی سۆسیالیستیدا پێشڕەو ڕێبەری کۆمەڵە ئەوەشی بە توانای فیکری و هونەری و هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵاتی و فەرەنگیەوە کە وەك سەرمایەیەك بە دەستی هێناوەو ئەتوانێ پەیامی پۆزەتیف بەرهەم بهێنێ ، بە واتایەکیتر (دەستەبژێر ئەندازیاری دەروونی مرۆڤە) و لە ماهیەت و ئاراستەی تێئەگات و بەرەو ئایندە ڕێنوێنی ئەکات ٠
- نووسەری سەر بە ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی تەنیا بە وێنەگرتنی واقیع قنیات ناکات ، بەڵکە هۆکارو هاندەرێکی چالاکە بۆ گۆڕانی ئەو واقیعەو داڕشتنی ئایندەی ٠
- ئەم ڕێبازە ئەدەبیە گەشبینە ، بڕوای بە سەرکەوتنی جەماوەر هەیە ، بە هێزێکی بە توانا و دروستی ئەزانێ کە ئەتوانێ دەسەلا ت و نەریتی کۆن بڕمێنێ و سەر لە نوێ ئاوەدانی بکاتەوە ٠
- ڕیالیزمی سۆشیالیستی پەیامێکی مرۆڤایەتی گشتگیری هەڵگرتووە ، بڕوای تەواوی بە خەباتی گەلان هەیە ، بە لایەوە پەیامی نەتەوەیی پردی پەڕینەوەیە بۆ پەیامی جیهانی ٠
- لەگەڵ ئەوەی بایەخ بە ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی ئەدات و بە جەوهەری ئەزانی ، بەڵام فۆرم و لایەنی جوانکاری فەرامۆشی ناکات ، لا لە شێوازو داهێنان و زمانی نووسین و دەربڕین ئەکاتەوە و ئەو زمانە بۆ نووسینی بەرهەمی جەماوەری پەسەند ئەکات کە زمانی ڕۆژانەی خەڵکەو ڕاستەوخۆ ئامانج ئەپێکێ و ڕۆڵی هۆشیارکردنەوە ئەبینێ ، کە ئەمە

تەواو پێچەوانەی ڕێبازی کلاسیکی‌یە جگە لە لاسایی پێشین، بایەخی تەواویان بە شێواز ئەداو ملکەچی دەستووری زمان و دەربڕینی چینی ئۆروستوکراتیان ئەکردو لە جەماوەر دوورئەکەوتنەوە [٢٣] ٠

ئەگەرچی ئەم تایبەتمەندیانە هەمووی یان بەشێکی زۆریان ، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی‌یەوە ، لە شیعر و چیرۆك و پەخشانی هونەری کوردیدا سەریان هەڵداو لەگەڵ گەشەو بەرەو پێشچوونی کاری حیزب و گروپە سیاسی‌یەکان و دامەزراندن و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد ١٩٤٦ ، دا بە کاریگەی شۆڕشی بە لشەفیك و تەشەنەی بیری چەپ لە عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ، ئاراستەی شاعیر و نووسەریان بۆ بایەخی ئەم ڕێبازە ڕاکێشا ، تەنانەت نووسەرە نەتەوەییەکان لەبەرهەمەکانیاندا لەم پەیامە مرۆڤایەتی و ڕووکردنە جەماوەر و هەڵبژاردنی پاڵەوان لە خەڵکە سادە و ڕەشی و ڕووتەکەی چینە پەراوێز خراوەکان ، نەك خۆیان بەدوور نەگرت بەڵکە هەموو قورسایی بیر و نووسینیان بۆ ئەم لایەنە تەرخان کرد ٠

گۆران ، بلە (ئیبراهیم ئەحمەد) ، دڵدار ، دڵزار ، کامەران ، حسین عارف ، مەعروف بەرزنجی ، حەسەنی قزڵجی ، جگەر خوێن ، مولود مەم و دیلان ، هەردی ، ژمارەیەکی تر کەلە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانەدا خۆیان بینیوە بەبیرو بەرهەم جاڕی ئازادی و سەربەخۆی گەلی کورد و ڕیسواکردنی دوژمنانی کوردیان ئەدا ، تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا لەبەر قورسایی و زەبری سانسۆر و ڕاوەدوونان و گرتن و ئازاردان ، ناچاربوون بە هێما یان بە ناوی بەرهەمی گەلان و نووسەرانی ترەو مەرام دەربڕن بۆ نموونە : پەخشانە شیعریە بە ناوبانگەکەی بلە – ئیبراهیم ئەحمەد – بەرەو ڕووناکی کە شاکارێکی داهێنەرانەی ڕۆژگاری خۆی و قۆناغی دواترە ، نووسەر بۆ شوێنەونی نووسیووە (وەرگێڕاوە – ١٠١–)

لە ناو جەرگی تاریکی‌یەوە
دەست بە کەلەبچە و تەوق لە مل و زنجیر لە پێ
لە کانگای نەزانین و هەژاری و دیلیەوە
کەوتوومە ڕێ هاتووم ئەڕۆم بەرەوڕووناکی

***      ***

نا ٠٠٠ نا من هەر خۆم نیم ، بەتەنیا نە کەوتوومە ڕێ ، هەزاران هەژارانین ٠٠٠٠
هەموو کەرامەتی پلیشاوەمان هە.ستاوەتەوە
پشتی چەرم فرێدراومان ئە نەڕڕینێ بە سەرمانا ٠
هەقی هەزار ساڵ خوراوومان تێمان ئەخوڕڕێت
وجدانی نوێنراومان ڕاست بۆتەوە
گیانی فرێدراومان ژیاوەتەوە ٠
هەرچی زۆرێ لێمان کراوە ، لە باوك و باپیرمان کراوە
هەرچی دەردوو ئازارێك لە دیلی نەزانین و هەژاریمان دیوە بۆتە هێزی دڵ و گیان و ورەمان ٠
هەموو بە جارێك ، ئەم جارە هەموو بە جارێك ، ئەڕۆین بەرەو ڕووناکی ٠

***　　　***

بەرەو ڕووناكی ئەڕۆین وە بێگومان بە كوێراوی چاوی هەموو دوژمنان گەییوین و ئەیگەینیٚ ٠ (٢٤)

وە سەرەڕای هەموو سەختی و تووشی و مەترسی و تاریكی ڕیٚ و بان ڕزگاری پێش بڵاوكردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەكان كە وەك ئاماژەمان پێدا ، بایەخ دانە بەو شیعر و چیرۆكانەی ئەچنە خانەی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی یەوە ، لە ژمارە سەرەتاییەكاندا ،تیۆری سۆشیالیزم و سەرەتاكانی بە كوردی بڵاوئەكاتەوە كە ڕەنگە لە دوای گۆڤاری گەلاویژەوە ١٩٣٩-١٩٤٩ لەو گۆڤارو ڕۆژنامە دەگمەنانەیە لەم دەرگایە بدات و بیەویٚ لە پێشدا تیۆر و دواتر بەرنامە بۆ ئەو كانگەیە دابڕێژیٚ كە پەرەی پیٚئەدا و پشتگیرییەتی ، ئەوەتا ئەنووسیٚ :

((لەو ڕۆژەوە كە ئادەمیزاد لە ژیانی گیانلەبەری رووت و پەتی جیابۆتەوە و وەكوو گیاندارێكی ژیری خاوەن هۆش و فام خۆی لەسەر زەوی ناسیووە ، پێداویستییەكانی ، بەربەرەكانی مانەوە (تنازعی بقاو) و بیٚ هێزی بەرانبەری گیان لە لەبەری تر ، هەروەها پێویستی پەیداكردنی بژێوی (ازراق و المواد لا عاشیه) ناچاری كردووە هێزی خۆی لەگەڵ هێزی چەند هاوچەشنێكی تری تێكەڵ بكاو بە كۆمەڵ بژی ٠٠٠٠٠

سۆشیالیزم بارێكی گبیعی و شێوەیەكی خورسكاوە بۆ كۆمەڵی ئادەمیزاد ، پەیوەندییەكی عادلانەیە لە نێوان هێزی (ڕەنیو هێنان) و خاوەنەكانی (ئامرازی ڕەنیو هێنان) كە لە كۆمەڵی سۆشیالیستیدا هەردووكیان هەریەكن ، ئامرازی ڕەنێو هێنان هی میللەتەو هەر میللەتیشە كە ئیشی دەكا ، بیٚئەوەی خاوەنی ئامرازی ڕەنێو هێنان بۆ دەستكەوتوو قازانجی تایبەتی خۆی بیچەوسێنێتەوە ، بەروبووی دەسترەنجی خۆی دەخواو ، سۆشیالیزم .ئاوەدانكردنەوەی كۆنە هەواری كۆمەڵی ئادەمیزادەو ڕازاندنەوەی ئەو هەوارەیە بە شێوەیەكی نویٚ ، گێڕانەوەی كۆمەڵە بۆ باری گبیعی خۆی و ، ڕاستكردنەوەی ئەو لاری و خوارییە كە ئادەمیزاد لە ڕێگەی گەشەكردن و تگور بەناچاری تووشی هاتووە ، لابردن و ڕامالینی ئەو زوڵمە كۆمەلاَیەتییە كە چینەكانی خاوەن ئامرازی ڕەنێو هێنان بە درێژایی مێژوو ٠٠٠٠ هەر لەو ڕۆژەوە كە بناغەی یەكەم كۆمەڵی ناوكۆیی سەرەتایی هەڵ تەكاوە (ژێر خان) ی هەموو ئەو ڕژێمە سیاسییانەیە كەلەسەر پایەی چەوسانەنەوە بەرزكراونەتەوە و ئابووری و ڕژێمێكی سیاسی متناسب (ژێر خان و سەر خان) یٚكی وایە كە ئامرازی ئیشكردن هی میللەت بیٚ ، میللەت بە ئامرازی خۆی بۆ خۆی و تەنیا بۆ خۆی ئیش بكات ، ڕەنێو بێنێت و بەروبوومی ڕەنێو هێنان بۆ خۆ بخوات ٠٠٠٠(٢٥) ))

ئەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین كە ئایدیا و بەرنامەی (ڕزگاری) لە (سۆشیالیزم) ەوە سەری هەڵداوەو هەر گرنگی بەو بەرهەمانە ئەدا كە لە ژێر ئەو ساباتە فەلسەفی و تیۆر یەدا خۆیان ئەبیننەوە ، هەر بەم پیٚ و دانگە لە ژمارەیەكدا ، شیعرێكی نەوازە و پڕ مەبەستی (دیلان)ی شاعیری ئازادی و ڕزگاریخواز ئەخوێنینەوە كە لێواو لێوە لە هیواو باوەش كردنەوە یە بۆ ئایندەو مژدەی سەركەوتنی گەل و دوانووچی دوژمنە ، كە ئەمانە كرۆك و بەرنامەی ڕیالیزمی

سۆشیالیستین لە ئەدەبدا :
من ئەڵێم ۰۰۰ ئەی گوڵ گەشەت بێ و پێکەنە
نەختێ نرخ و فەڕ بدە بەم چیمەنە
پێکەنە ۰۰۰ خوێنی ڕژاوی میللەتم
با لەپێ بگرێ ئەوی لێم دوشمەنە ۰۰۰!
پێ کەنە ۰۰۰ ئیمڕۆ لە جێگەی دەست و پێ
بۆ قەفی زنجیری دوژمن گەردەنە ۰۰۰
وا بە خوێنی قاڵی بێ گەردنی شەهید
شەو ئەڵێی ڕۆژە ، ڕەوان و ڕەوشەنە ۰۰۰!
پێ کەنە ۰۰۰ وا تیشکی ڕۆژی ڕاپەڕین
هەر لەسەر لوتکە هەتاکو دامەنە
تۆ ۰۰۰ تەماشا بەردی دەستی میللەتم
بۆ سەری ماری ڕژێمی بۆگەنە
سەیری کۆسپی ڕێگری ڕێگەی خەبات
جێگەی پاچی میللەت و لووتی شەنە
پێکەنە ۰۰۰ ئەی گوڵ ئەوا ئاسۆی نەجات
خۆ بە خوێنی ڕۆڵەکانمان ئەڵوەنە
موژدەی هەر هاکە ناقووسیی بەیان
دەنگ و ئاوازی گەیی بەم مەڵبەنە (٢٦)

هەڵبژاردنی ئەم بەرهەمەی (دیلان) لەو ئاراستەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە ((دیلان جارێک وەکو هونەرمەندێکی داهێنەر و کارامە ، وەکو وەستایەکی شارەزا ساز و مۆسیقا و ئاوازێکی خۆشی داوە بە هەڵبەستەکانی ، پارێزگاری زنجیرەی بیری ناو شیعرەکەی کردووە ، وردەکاری و وشەو ڕستەی بە سۆز و شیرینی تێهەڵکێش کردووە ، تەشبیهی جوانی لە سروشتی ڕازاوەی کوردستانەوە هەڵهێنجاوە ، دووەم – ناوەڕۆکی هەڵبەستەکانی (دیلان) بە گشتی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتووە ، گەل هان ئەدات بۆ خەبات کردن لە پێناوی ئاشتی و ئازادی و ئاسوودەییدا ، ڕابووردووی پڕشانازی لە قالبێکی هونەریدا ئەڕازێنێتەوە ، بەرچاو ڕوونی و ئومێدی سەرکەوتن لە دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی ئەچێنێ ۰ سێیەم – ( دیلان) سەیری مەسەلەی کورد ئەکات وەکو مەسەلەیەکی تایبەتی کە هی نەتەوەیەکی زۆر لێکرا و و ماف زەوتکراوە ، لەبەر ئەوە هەڵبەستەکانی تەرخانکردووە بۆ دەربڕینی ئێش و ئازاری نەتەوەکەی ، سروودی خەبات و ڕاپەڕین ئەڵێ ، چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی کە گەلەکەی لەسەر دەستی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دا تووش بووە ، یەکێکە لەو بابەتانەی لە وەرزی هەموو هەڵبەستەکانیا ئەخوێنرێتەوە ، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کەلە بەندیخانە و لەو کاتانەدا و تونی نەتەوەکەی تووشی گەردەلووڵ هاتووە ، وەکو شیعرەکانی (ڕەز ، دەرەخت ، تاوان ، ڕەنگ ، کەی ، بۆ گیانی

خەنی بلووریان ، من ئینسانم ، قوربانیەکانی نەتەوە ، گوڵی سارای خواروو ، گەشتێ ، نیگایەکی شین ) ٠٠٠٠٠٠٠٠٠

چوارەم – دیلان هەروەکو لەگەڵ خۆش و ناخۆشی نەتەوەکەیدا گۆرانی و سروودی وتووە ، هەروەکو بەدەم ئازار و ئاواتی کوردەوە چووە هەر بەو جۆرە خەباتی گەلانی جیهان و خەبات و خۆبەخت کردنیان شوێنێکی تایبەتی هەیە لە شیعرەکانی (دیلان) دا ، سەبارەت بەوەی کە (دیلان) خەباتی نەتەوەی کورد بەو پێ یەی بە ناوەڕۆکی شیعرەکانیا دەرئەکەوێ بە ئەڵقەیەکی لە جیابوونەوە نەهاتووی زنجیرەی خەباتی گەلانی جیهان ئەزانێت ٠٠٠٠ هتد) ئەو سەرنج و هەڵسەنگاندنە لە دوای دیوانی شیعری دیلان ، لە ژمارەیەکی (ڕزگاری) دا بلاوکراوەتەوە ، هەموو ئەو هێڵە دیاریکراوانەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعرەکانی لە چوارچێوەی ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی دا لە قاڵب دراون ، هەر لەبەر ئەوەشە مەودای بلاوبوونەوە بایەخدان بەو پەیامە ئەدەبیە ، لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا شوێنی شیاوی خۆیان گرتووە ٠

((ڕزگاری)) بابەتەکانی ئەدەبی کوردی بەسەر دوو سەنگەرو دووپەڕەدا دابەش ئەکات و خاڵێکی هاوبەشی لە نێوانیاندا نادۆزێتەوە ، ((یەکەمیان – ئەدەبێکی نوێی شۆڕشگێڕانەیە کەلە ناخی دەروونی چینی ڕەنجدەران و چەوساوەوە هەڵقولاوە ، لە سەرچاوەیەکی ڕوونەوە دەرئەچێ بۆ هاندانی جەماوەری خەڵکی بۆ شکاندنی تەوقی کۆیلەیەتی و چەوساننەوەو ماف پێشێل کردن بۆ هێنانەدی ژیانێکی پڕ لە بەختیاری و ئاسوودەیی ٠٠٠٠٠ جۆری دووەمیشیان – ئەو ئەدەبە دواکەوتووەیە کە یەکسەر دار دەستی چینە چەوسێنەرەکانەو پارێزگاری لە دامودەزگاکانیان ئەکات و فڕی بەسەر جەماوەری ڕاستەقینەی گەلەوەنیە ٠٠٠٠))(٢٨)

لەدوای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە بە هۆی ئەو ئازادییە کورت مەودایەی لە کوردستانی باشووردا هاتە ئاراوە لە سەردەمی (عبدالکریم قاسم) دا دەنگی شیعری کوردی لە باشووردا ، بووە نوێنەری خەباتی ڕەوای هەموو بەشە داگیرکراوەکانی تری کوردستان و ، هەنگاوێکی نوێبوونەوە ، ئەو دەرچوو نەبوو لە قاڵبێکی تەسکی ناوچەیی ڕووکردنە بازنە نەتەوەیی و یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد و دوژمنانی و هەوڵی هۆشیارکردنەوە نەوەی نوێ بەو ستراتیژە نەتەوەییە نوێیەکە لە سەردەمی پاشایەتیدا بەهۆی سانسۆرو بیری شۆڤێنی زۆرینەی قەڵەم بەدەست و فەرمان بە دەستەوە قەدەغەکرابوو لە توانای شاعیردا نەبوو دژ بەو زوڵم و ستەمە بوەستێتەوە کەلە پارچەکانی تری کوردستاندا بەرامبەر بە براکانی ئەکرێت ، بەرژەوەندی دەوڵەتی عێراق و بوونی بە ئەندام لەو پەیماننامە هاوبەشانەدا کە داگیرکەرانی کوردستانی کۆکردبووەوە وەك (پەیمانی بەغدا) ، زیاتر ڕێگری ئەو خولیاو مەبەستە بوون بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٥٨) ەوە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ، ئەو دەرگایە بۆ شاعیرو نووسەری کورد والابوو تالای کەم تا ساڵی ١٩٦٣ بە ئاشکرا و دواتر لە بلاوکراوە نهێنیەکاندان خەباتی بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدات و بیکاتە ئەڵقەیەك ، لە زنجیرە خەباتی گەلانی ستەمدیدە ٠

گۆڤاری ڕزگاری ئەم ئامانجە نەتەوایەتییەی لە بەرچاوگرتووە ، پەلی بۆ بەرهەمی شاعیرانی

کوردستانی ڕۆژهەڵات هاویشتووە بە تایبەت ئەوانەی دەنگ و قەڵەمیان لە ئەدەبی شۆڕشگێڕدا لەنگەر ئەگرێت :

تووتنەوانێکی هەژارم
بێ خانوو ، بێ زەوی و زارم
***
بێ پوول و باغ و بزن مەڕ
دوورم لە خێر ، نزیك لە شەڕ
***
منداڵم ڕووت و برسی‌یە
ژیانم پڕ مەترسی‌یە
***
قەرزارم ، دەردەدارم
شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
***
دوژمن تاکەی بدەم باجت
دەگ وەرگەری تەخت و تاجت
***
ئەی وەرزێران ۰۰۰ ئەی جوتیاران
ئەی توتنەوانی ماڵ وێران
***
با بەیەك دڵ ویەك زمان
بە خەباتی‌شۆڕشگێڕمان
***
تا دوا پشوو هەوڵ دەین
شەق دەو ڕژێمە هەڵ بدەین
***
یەك گرتن هۆی سەرکەوتنە
خەبات ڕێگەی دەست کەوتنە
۰۰۰۰۰۰۰ هتد(۲۹)

گواستنەوەی بەرهەمی شاعیر و پێشمەرگەیەکی ئازا و خەباتکەری وەك (مەلا ئاوارە) کە بە گیان و زمان بەشداری خەباتی شۆڕشگێڕانەی کردووە دژ بە ڕژێمی حەمە ڕەزا شا وەستاوەتەوە و لە پێناوی ڕزگاری گەل و نیشتمانەکەیدا شەهیدبوو ، لە لایەك ناساندنی ئەو کەسایەتییە بە

خوێنەواری کوردستانی باشوور و لەلایەکیترەوە پاراستنی ئەو بەرهەمە نەوازانەیە لە ئەرشیفی نەتەوەیدا ، ئەو بەرهەمانەی لە شوێن و پێگەی خۆیاندا ، دەستی ڕەشی سانسۆر و قڕکردن نەیهێشتووە بلاوببنەوە ۰

لە شیعرە وەرگێڕاوەکاندا ، ئەو شاعیر و بەرهەمانە هەڵبژێراون کەلەگەڵ سیاسەت و پەیامی گۆڤارەکەدا یەك ئەگرنەوە ، ئەمەش بە مەبەستی هاندانی شاعیرانی کورد و جۆشدانیان بەرەو مەیدانی خەبات و بەرەنگاری ، کە باسی شاعیرێکی وەك (کریستوبوتیف) ی / بولگاری لە (ڕزگاری) دا ئەخوێنینەوە ، خۆمان لەبەر دەم بەرهەمی شاعیرێکی قارەمان و تێکۆشەردا ئەبینینەوە کەوا هەست ئەکرێ لە گەرووی شاعیرێکی کوردەوە دەرئەچێت و پەیامی گەلی بولگار و کوردییەك پەیامە ، ڕێگای خەباتیان یەك ڕێگەیە :

دایە ئەزانم منت خۆش ئەوێ
ئەزانم ڕەنگە بە لاوی بمرم
ڕەنگە نەگەمە شەوێ ، سبەینێ
کاتێك دانوب بێ دەنگ ئەبڕم

****

بەلاَم چار چیە ۰۰۰ دایەی شیرینم
دڵی مەردێکی وەهات بە من دا
پێم سەر شۆڕی بێ دوژمن ببینم
نیشتمانەکەم لێ زەوت بکا

۰۰۰۰۰۰(۳۰)

وەك ئاشکرایە لەو ساڵانەی نێوان ۱۹٦۱ تا ۱۹۷۰ ، واتا کارەسات و ڕووداوی زۆر سەخت و کاریگەر بوون ، دیمەنی پڕ ناسۆر و قارەمانێتی و گەشبینی و هەندێ جار نائومێدی لە دەنگی شیعری چەند شاعیرێکی لاودا ، کە ئەو ساڵانە هەڕەتی بەخشینی بەرهەمیان بوو ، لەوانە (جەمال شارباژێڕی ، عەبدوڵلاَ پەشێو ، شێرکۆ بێکەس ، جەلالی میرزا کریم و ۰۰۰۰ هتد) ئەمە جگە لەو شاعیرانەی پێشتر واتە لە ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە کەوتبوونە چالاکی سیاسی و بەکارو هەڵوێست و بەرهەم بەشداری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و ئاشتی و دیموکراتیان ئەکرد لەوانە (دیلان) کەتا کۆتایی ژیانی ئەو ڕێچکەیەی بەرنەدا ، گۆڤاری (ڕزگاری) دەرفەتێکی باش بوو بۆ ناساندنی زیاتری دەنگە نوێیەکانی ئەو قۆناغە ، ئەو لاوە خوێن گەرم و ڕاچەنیوانە کەلە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریی‌یە سیاسی‌یەکاندا ، بە چاوی تر و سەرنجێکی نوێتر ئەیانڕوانیە واقیع ، تاقیکردنەوەی شیعریان کردە پەیامی نەتەوەیی و بەبەرز ڕاگرتنی شەهید و گرێدانی خەباتی کورد بە خەباتی نەتەوەکانی ترەوە ، کە ئەمانە کاریگەری فەلسەفەی مارکسیزم و ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیزمیان دوور و نزیك لەسەر بووە و لەگەڵ مەسەلە نەتەوایەتیەکەدا ئاوێتەیان کردووە ، چەند پارچە شیعری نەوازەی (جەمال شاربازێڕی

و عەبدوڵڵا پەشێو و جەلالی میرزا کەریم ، هێمن) لە (ڕزگاری) دا بەرچاو ئەکەون کە ئاوێنەی واقیعی ئەو سەردەم و ڕۆژگارەن و سروودی نەبەزێك و هیوا بەخشین بۆ نەوەی خۆیان ئەچڕن ، جەمال شاربازێری لە (سروودی نوێ) دا ئەڵێ :

ئێمە قاڵبووی شۆڕشی و کوردایەتین
ئێمەی کاڵای پڕ بە باڵای میللەتین
***
ئێمەی کوردی ٠٠٠٠ گوردی ڕێی مەردایەتین
تۆڵەسێن و بە هێرش و هەڵمەتین
***
بۆ ڕووی زۆردار
بۆ ستەمکار ٠٠٠ ناحەزین
لە شەستیری
لە زنجیری ٠٠٠ تا لەرزین
لە هوروژمی
لە تەوژمی ٠٠٠٠ نا بەزین
ئێمە نەوەی کوردستانی ، سەربەرزین
وەکوو لوتکەی شاخەکانی سەربەرزین(٣١)

وەك شکاندنی ڕێچکەی پابەندبوون بە کێش و سەرووداو رووکردنە زیاتری شیعری ئازاد ، وە بەردەوامیەکی نوێکردنەوە ، ئەو دەنگە لاوانە بەتەواوی کۆت و بەندی عەرووز و سەروایان فرێدا و قورسایی و جەختیان خستە سەر ناوەڕۆك بە شێوەیەك سەیری شیعری کوردیان ئەکرد کە پەیامێکی نەتەوایەتی بالآیە و شاعیریش هەڵگری ئەو پەیامەیەو ڕێنوێنێتی و پێویستە پەیامدار بێت ، هەر پیت و وشەو ڕستەیەك کە لە شیعردا دەربڕێ ئەبێت گڕو کڵپە بێت بۆ جۆشدان و وریابوونەوەو ڕاچەنین :-

چەند شیرینە
چەند ڕەنگینە
ئەو وتەیەی
ئەو وشەیەی
لە زارێکەوە هەڵئەڕژێت
بەستە ناڵێت
بۆ نیشتمان ، جوانی نەبێت ٠
ئەو وتەیەی : حەز بە دیلی و بەندی قەفەسەی
سنگی ناکات ٠
بۆ زنجیری دەم کوتکردن یەك تۆز جڵەوی

شل ناكات ٠

ئەو وتەیەی ، هەموو دەمێ

بەستە بۆ خاك ، بۆ گەل ئەڵێ

بۆ هەژارو ڕەش و ڕووتی مەچەك ئەستوور

زەحمەتكێشان ، ئەو كەسانەی لە

پشكۆی سوور

نانی هەرزن

بۆ تۆو بۆ من

پەیائەكەن

سكی برسی پێ تێر ئەكەن ٠٠٠٠٠هتد[٣٢]

ئەگەر شیعرە بڵاوكراوەكانی ناو گۆڤاری ڕزگاری لە ئاست ژمارە و قۆناغەدا كە من ، بەڵام هەڵبژاردە و دەگمەنن ، ئەو پارچە شیعرانە كە دەنگی نوێكردنەوە و ئایدیایەك و بەرەیەكی جەماوەری دیارن ، بە لاكردنەوە لە شاعیرانی پێشتر وەك (قانیع)[٣٣] قۆناغی گواستنەوە (دیلان) و دەنگی سەردەم و لاوان (جەمال شارباژێڕی ، عەبدوڵڵا پەشێو ، جەماڵی میرزا كەریم ) كۆكردنەوەو پۆلێن كردنیان بۆ یەك مەبەست و پەیام ، پاڵپشت و هاندانی گۆڤاری (ڕزگاری) یە بۆ نوێبوونەوەی شیعری كوردی ٠٠٠

چیرۆكی كوردی شوێنێكی شیاوو دیاری لە گۆڤاری (ڕزگاری) دا گرتووە ، زۆر زیاتر لە شیعر بایەخی پێدراوە ، ئەمەش لەو بڕوایەوەیە كە ژانرێكی نوێ و پەیوەستە بە ژیار و گەشەی زیاتر كۆمەڵەوە ، لە چیرۆكدا زیاتر دەست واڵایە بۆ هەڵبژاردنی پاڵەوان و دیمەن و دەردەكانی كۆمەڵ و ئازادانە ئەتوانێ پەیامی ئەدیب بگەیەنێ ، جگە لەوەش لەو قۆناغەدا كەكێشەی چاپ و چاپەمەنی و سانسۆر بۆ بەرهەمە ئەدەبییەكان لە كەمیندا بوو ، ئەركی گۆڤارەكان بوو باوەشی بۆ ئەو قەڵەمانە بكەنەوە كە خولیاكانیان بە پەخشان دەرئەبڕن ، لە ناو قوتابخانە ئەدەبییەكاندا ، ڕیالیزمی سۆشیالیستی و ڕیالیزمی ڕەخنە گرانە زیاتر بایەخیان بە ڕۆمان و چیرۆك داوە ، بە ژانرێكی بەهادارو لەباریان زانیون بۆ دەبڕینی ڕاستەوخۆی ئازارو ئەشكەنجەی چینە پەراوێز خراوەكانی كۆمەڵ و كێشە دەروونی و ئابوورییەكانیان ، هەر ناوە دیارەكانی ئەم ڕێبازو قوتابخانە ڕیالیزمەی‌یە زیاتر بە ڕۆمان و كورتە چیرۆك بەناوبانگن وەك (بەلزاك ١٧٩٩ – ١٨٥٠) ، (ستەنداڵ ١٧٨٣ – ١٨٤٢) ، (ئەمیل زولا ١٨٦٨ –١٩٠٢) ، (دیموپاسان ١٨٥٠ – ١٨٩٣) ، (مەكسیم گۆركی ١٨٦٨ – ١٩٣٦) ،(مایاكوفسكی ١٨٣٩ – ١٩٣١) [٣٤] ٠٠٠٠٠ هتد ٠

(ڕزگاری) هەر لە ژمارە یەكەوە كەوتۆتە بڵاوكردنەوەی كورتە چیرۆك و دواتر چەند بەشێك لە ڕۆمانی (ژانی گەل) بە زنجیرە بڵاو كراونەتەوە ، جێی ئاماژەیە كە دواژمارەی (١٤ ، ١٥) ەی بۆ چیرۆك تەرخان كردووە ، هەروەها چەند شانۆ نامەیەك لە لاپەڕەكانیدا بڵاوكراوەتەوە ٠

(ڕزگاری) لەو بۆچوونەوە كە چیرۆك نرخ و بایەخی خۆی هەیە پێویستە گەشە بكات و بە هۆی

ڕۆژنامه نووسی‌یه‌وه به‌ره‌و پێش بڕوات ،به‌ڵام هێڵێكی گشتی بۆ ئه‌و چیرۆكانه دیاریكردووه كه به‌لایه‌وه په‌سه‌ندن و جێی خۆیان له ڕووپه‌ڕی لاپه‌ڕه‌كانیدا ئه‌كه‌نه‌وه ، له ڕووی ناوه‌ڕۆكه‌وه ئه‌و چیرۆكانه بۆ ئه‌و قۆناغه ده‌ست ئه‌ده‌ن كه ((چاره‌ی ده‌ردێك له ده‌رده زۆره‌كانی كۆمه‌ڵه‌كه‌مان بكات ، یان گیانێكی شۆڕشگێڕانه‌مان بخاته به‌ر نه‌ك به‌سه‌رهاتێكی وا كه په‌یوه‌ندی به‌ژیانی ئه‌مڕۆمانه‌وه ، نه‌بێ))[٣٥]

به واتایه‌كی تر ڕه‌نگدانه‌وه‌ی واقیعی تاڵی كۆمه‌ڵی كورده‌واری بێت و كه‌ره‌سه‌و پاڵه‌وان و گرێ و دیمه‌نی له‌م ناوه‌نده هه‌ڵگۆزیبێ و یان به‌رهه‌می چیرۆكنووسیی نه‌ته‌وه‌كانی تر بێت و ئه‌و مه‌رجانه‌ی تێدا بێت ، تاببێت به هانده‌ر و داینه‌مۆی وروژاندنی قه‌ڵه‌می خۆماڵی ، دیاره كه پێ له‌سه‌ر ناوه‌ڕۆك دائه‌گرێ ،مه‌رجی فۆرم فه‌رامۆشی ناكات و بۆ ئه‌و لایه‌نه‌ش چیرۆكنووسان به ئاگا ئه‌هێنێته‌وه ((كورته چیرۆك كه ئه‌مڕۆ نرخێكی ته‌واوی ئه‌درێتێ له بابه‌ته‌كانی ئه‌ده‌ب ، پێویسته مه‌رجی تایبه‌تی خۆی تیابێ و له چوارچێوه‌یه‌كی هونه‌رییا ڕازابێته‌وه ، به نووسینێكی كه‌م مانایه‌كی زۆر ببه‌خشێ ، پێویسته چیرۆكنووس زۆر شاره‌زایی چیرۆكنووسه‌كانی ، زمانه‌كانی بێگانه‌ی هه‌بێ و فره‌ی له به‌رهه‌مه‌كانیاندا خوێنبێته‌وه ، به‌رهه‌مه‌كه‌ی ئه‌بێ وا له خوێنه‌ر بكات ، كه‌هه‌نگاو به هه‌نگا و بست به بست لێی جیانه‌بێته‌وه ، ئه‌بێ خۆ دوور خاته‌وه له دووباره‌كردنه‌وه‌ی ڕسته و وشه ، هه‌روه‌ها له گێڕانه‌وه‌دا ، پێویسته هێزێكی ڕاكێشه‌ی هه‌بێ و زنجیره‌ی بیری له‌یه‌ك نه‌پچڕێت و كارامه بێت له به‌ستنه‌وه‌ی بیر و تێهه‌ڵكێشانیا ٠٠٠٠))[٣٦]

له دوای ئه‌و نشوستە‌ی به‌سه‌ر چیرۆكی كوردیدا هات (ساڵانی شه‌سته‌كان) ئه‌وه‌ش به‌هۆی كزی ڕۆژنامه و گۆڤاره كوردیه‌كانه‌وه (رزگاری) تین و تاوێكی نوێی دایه‌وه به‌ر ئه‌م ژانره ئه‌ده‌بیه گرنگه ، ئه‌و ژماره‌یه له كورته چیرۆك ، له‌و سه‌رده‌مه‌دا شایه‌نی ئه‌و ڕاستی‌یه‌ن ، ئه‌گه‌ر چی سه‌رجه‌م ناوه‌ڕۆكی چیرۆكه بلاَوكراوه‌كان له خانه‌ی (ڕیالیزم) دا خۆیان ئه‌بیننه‌وه ، به‌ڵام جیاوازی له جۆر و ئاراسته‌یاندا هه‌یه ، ئه‌مه‌ش زیاتر بۆ بیر و توانای خاوه‌نه‌كانیان ئه‌گه‌ڕێته‌وه ، چه‌ند نموونه‌یه‌ك به‌رچاو ئه‌كه‌ون كه درێژ بوونه‌وه‌ی ڕووداو و پاڵه‌وانی چیرۆكه‌كانی ساڵانی چل و په‌نجاكان واته به‌شێوه‌ی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی كێشه‌ی جوتیار و ده‌ره‌به‌گ و دیارده دزێوه‌كانی كۆمه‌ڵ ئه‌خه‌نه ڕوو ، بێ ڕوێنی و چاره‌سه‌ركردن ، ته‌نیا به مه‌به‌ستی ده‌رخستنی ئه‌و نه‌هامه‌تییانه‌ی خه‌ڵكی گوند نشینی كوردستان تووشی هاتوون و چۆن گوزه‌ران ئه‌كه‌ن ، نموونه ئه‌م به‌رهه‌مانه (كێ تاوانباربوو ، ده‌زگیرانه ونبووه‌كه)[٣٧] كه دیمه‌نی لادێ نیشان ئه‌ده‌ن و كۆچی زۆره ملێ بۆ شار هیچ له ئازاری پاڵه‌وانه‌كانیان كه‌م ناكاته‌وه و به‌جۆرێكی تر نه‌داری و مه‌ینه‌ت به‌ره‌نگاریان ئه‌بێته‌وه ، له شار ئه‌بنه شاگرد و كرێكار (كۆڵ هه‌ڵگر) و (ده‌ڕابه چه‌وكه‌ر)[٣٨] و مه‌مره‌و مه‌ژی ژیان به‌سه‌ر ئه‌به‌ن ، جۆرێكی تر له چیرۆكه‌كانی ڕزگاری دیوی ئه‌م دیوی واقیعه تاڵه‌كه‌ی شار و چه‌وساندنه‌وه‌یه‌كی نیشان ئه‌ده‌ن كه بایه‌خدان و لاكردنه‌وه له‌م له‌م جۆره پاڵه‌وانه فه‌رامۆشكراوانه ، ئه‌و په‌یامه‌ی گۆڤاره‌كه نیشان ئه‌دات كه بایه‌خدانه به كورته چیرۆك و ((به‌و ده‌وره بووه كه چیرۆك ئه‌یبینێ له ئاراسته‌كردنی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكدا ، كه ساده‌ترین و ڕه‌وانترین شێوه‌یه‌كی نووسینی بۆ گه‌یاندنی گیروگرفت و ته‌نگ و چه‌ڵه‌مه سیاسیی و ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی به كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك ، بۆ

هۆشیارکردنەوەو کردنەوە و سازدانیان ، وە دانانی چارەسەری ڕێك و پێك لە قاڵبێکی پەسەند کراودا کە لێی تێبگەن کە ئەویش قاڵبی چیرۆکە ))[٣٩] هەر لەو ساڵانەدا کە خەباتی گەل کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کڵپەی سەندبوو ، شۆڕشی چەکداری دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆری شای ئێران بە تینێکی گوندو شارۆچکەکانی گرتبووەوە ، ئەمەش بەهۆی جەورو ستەم و داپڵۆسینی دەزگاکانی دەوڵەتەوە ، قەدەغەکردنی هەموو سیما و بۆنەیەکی کوردی و بەردەوامی لەسەر ڕەوتی دژە کورد هەر لە دوای ڕووخانی گۆماری کوردستانەوە و لەسێدارەدانی پێشەوا لە مارتی ١٩٤٧ دا ،تا ساڵانی کۆتایی شەستەکان ، ئەو شۆڕشی بەرەنگاریە ، قوربانی زۆری لێکەوتەوە ، گۆڤاری ڕزگاری وەك لایەنە سیاسیەکە بەشێك لە ژیان و لاپەڕەی خەباتی سەرکردەو شەهیدانی ئەو دیوی نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە ، هەر ئەو ڕایەڵە نەتەوەییە ، وێنەی زیندان و ئەشکەنجەی ڕژێمی شا لە چوارچێوەی چیرۆکدا خستۆتەوە یاد و جەماوەری لە دوژمن  زیاتر پڕ کردووە ، چیرۆکی (زیندانی ژمارە ٦) کە پاڵەوانەکەی لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەدەوە دەستگیر کراوەو هەموو ساڵێ لەو یادە تاڵەدا ، گیانی بەرگریان پتەوتر ئەبێت و دوژمن زۆرتر ئەتۆقێ ((ناهەقیان نیە تا ماون بترسن ، خۆیان و کاربەدەستە خوێن مژەکانیان ، چونکە وتەی بەرزی پێشەوا ، وا گوێی پڕکردوون هەر لەگەڵ یادیا موچوڕکەیان پیا دێت ، و وەك بینی ئاو ئەلەرزن ، ئەو ڕۆژەیان لەبەر چاوە کە پێشەوای نەمر بەڕووی چەپەڵیانا وەك شێر ئەینەڕاند (ناپاکینە ئەوا ئێوە من ئەکوژن ، بەڵام هەموو ڕۆڵەیەکی نەتەوە ، یەکێکە وەك من جا بۆیە ساڵ لە دوای ساڵ ترسیان زۆرتر ئەبێ ، لەو بورکانی قین و تۆڵەیە ئەترسن کە ئەتەقێتەوەو بە جارێ لە ڕەگ و ڕیشە لە بنیان دێنێ)) [٤٠] لە دوای چیرۆکی (پێشمەرگە) ی ڕەحمی قازیەوە ، بەهۆی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ ەوە (پێشمەرگە وشەهید) وەك دوو سیمایدیار و هێمای بەرگری و خۆبەشێن بوونە هەوێنی شیعری نیشتمانی و کورتە چیرۆکی نووسراوە ، گەرچی بەهۆی کزی بڵاوبوونەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٧٠ ، کەمینەیەك لەو بەرهەمانە لە ناو شۆڕش و بەنهێنی بڵاوئەبوونەوە ڕزگاری دەرفەتی بۆ ئەو ئەدەبە شۆڕشگێڕیە ڕەخساند ، بۆ نمونە چیرۆکی  (قەشە لە یادم دەرناچێ ) کە دیمەنی ژیانی دەستەیەك پێشمەرگەیە و دوای هەڵمەت و بەزاندنی دوژمن ٠

(کەمال) کەلەو نەبەردەدا بریندارببوو بوو ، لەبەرچاوی هاوەڵەکانی نەی درکاندبوو ، قایل نەبوو بچێتە خەستەخانەو لەپەرچە هێرشی دوژمن دا  بەشدار نەبێ ، دوایی بەم زامە کەمەوە کۆچی دوایی ئەکات و خۆشەویستی خاك و نیشتمان ئەخاتە سەروو هەموو خۆشەویستییەکەوە تەنانەت (زێڕین) ی دەزگیرانی ،فەرماندەی هێزی پ.م. لە نامەیەکدا بۆ باوکی شەهید کەمال ئەنووسێ ((بە داخ و شانازیەوە ، بەشداری خەمتانین لە کاتێکدا کە (کەمال) ی کوڕتان هەڵئەسا بە پێویستییەکی نیشتمانی و میللی ، گوللەیەکی ناپاکی دوژمنی بەرکەوت لە ئەنجاما بووە هۆی ئەوەی گیانی پاکی پڕ لە قارەمانێتی بسپێرێ ، بە خاکی نیشتمانی خۆشەویستی و بوو بە قوربانی لە ڕێی گەلەکەیدا))[٤١]  وەك ئاماژەمان پێدا ، لەبەر گرنگی و بایەخی هەنەری چیرۆك (ڕزگاری) وێڕای هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (ژانی گەل) بۆ یەکەم جار بە زنجیرە ، کە ئەم هەوڵە

له دوای ڕۆژنامەی ژیانەوە و چیرۆکی لەخەوما ، بە نوێکردنەوەی ئەم ئاکارە ڕۆژنامەنووسی لە قەڵەم ئەدریٚ ، گەرچی بەهۆی وەستانی گۆڤارەکەوە تەنیا چەند بەشێکیٚ بلاٚوکراوەتەوە بەلاٚم ناساندنی ئەو ڕۆمانە بووە هۆی ئەوەی خوێنەر تامەزرۆی ئەنجام بێت و نووسەریش بە چاپیٚبگەیەنیٚ (٤٢) ٠

ناکریٚ لەباس و هەڵسەنگاندنی کورتە چیرۆکدا سەرنج و تێڕوانینی تایبەتی نەخرێتە سەر ئەو ژمارە تایبەتیٚیەی (رزگاری ١٤,١٥) کەبۆ چیرۆکی تەرخان کردبوو , ئەو هەنگاوە کەم وێنەیە , لەو هەل و مەرجەداو دوای کزی و پاشەکشیٚ هونەری چیرۆك نووسین بەتایبەت لە ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٩ دا ,ئەم پاشا گەردانیە بۆتە خولیای نووسەرانی گۆڤارەکەو خوازیاربوون گوڕو تینیٚ بدەنە ئەم ژانرەی بەرهەمی شارستانیٚو مۆدێرنە کە زادەی چاپەمەنییەو هەر بەهۆی ئەوەوە نەش و نما ئەکات و پەلیٚ لیٚ ئەبێتەوە , لەم بارەیەوە ئەنووسیٚ : ((بۆ یەکەم جار لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ,گۆڤارێکی کوردی بایەخ بداتە چیرۆك و وەك بەشێکی ئەرکی خۆی , شانی بداتە بەر بۆ راستکردنەوەی باری لاسەنگی , وەنیازی سەرەکی (رزگاری ) لەم دەست پێشکەریٚیە, ئەوەیە کە هاندەرێك بێت بۆ پتر بەدەنگەوە هاتنی ئەم لایەنە بایەخدارەی ئەدەبی کوردیٚو گەشەپێدان و پەرەپیٚسەندنی ......هتد))(٤٣) ٠

لەم چەند دێرەدا ئەتوانین ئامانجی ئەو بایەخدانە بەکورتە چیرۆك , دیاری بکەین کەچڕکردنەوەی بریتیٚیە لەوەی : ئەو بارودۆخەی پەخشانی هونەری بەگشتیٚو چیرۆك بەتایبەتی تێکەوتبوو , ببوە جیٚی سەرنج و مەراقی خەمخۆرانی ئەدەبی کوردی , ئەمەش بەبەراورد لەنێوان ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەم و شەستەکانی ئەو سەدەیەدا , کە ئەبایە بەهۆی ئەو هەموو ڕووداوە پڕ تراژیدیایەی کوردستانی تەنی بوو و ئەو گۆڕانە سیاسیٚو کۆمەلاٚیەتیەی کەدەیان دیمەن و پاڵەوان و کەرەسەی خستبووە بەر قەڵەمی چیرۆکنوس و شاعیران , بەتایبەت دوای کودەتا شومەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کە مێژوویەکی تەڵخ و شەرمهێنە لە حکومڕانی بەعس و شۆڤێنیزمی عەرەبدا , ئەو سووتماکەی کوردستان و کارەساتی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ کەبەدەستی ئەو تاقمە کودەتا چیٚیە ئەنجامدرا , تائەمڕۆش ئەکریٚ ببنە کەرەسەی چەندین رۆمان و کورتە چیرۆك , هەروەها قارەمانێتی (پێشمەرگە لەو ساڵانەوە بووە نمونەی بەرگری و داکۆکی کەری مافی زەوتکراوی کورد ئەو ژمارە تایبەتیە جگە لەبلاٚو کردنەوەی چیرۆك , لەسەرەتاوە چەند توێژینەوە , سەبارەت بەپەیدابوونی چیرۆك و مەرجەکانی کورتە چیرۆك ) و هەڵسەنگاندنی چیرۆکی کوردی (چیرۆکی کوردی لەتای تەرازوودا)و (چیرۆکی کوردی بەشیعر) و (چیرۆك لەشیعری دڵداریدا) (٤٤) ٠ هەموو ئەم بابەتانە دەروازە والاٚئەکەن بۆ گفتوگۆ دەربارەی چیرۆك و چیرۆکنوسین ,کە دەسپێکی رایەڵە گشتیٚیەکانی ئەم هونەرەیە , چیرۆکنوسی کورد ئەخاتە بەردەم رامان و وردبوونەوەو ئاشنابوون بەخەسڵەتەکانی ئەم ژانرە کەلە رۆژئاواوە سەری هەڵداوەو پەڕیوەتە رۆژهەلاٚت ٠

داهێنانێکی تری ناوەرۆکی ئەم ژمارە تایبەتە , لەوەدایە کەنمونەی لەبەرهەمی سیٚ دەستەی چیرۆکنوسانی کورد وەرگرتووە , دەستەی یەکەم جەمیل صائیب و پیرەمێردو دەستەی دووەم ئیبراهیم ئەحمەدو شاکیر فەتاح و سێیەم شێخانیٚو م. ئارام و رەئووف ئەحمەد حەسەن (٤٥)

کەدیارە ئەم بەراوورد کارییەو خستنە بەر چاوی خوێنەر , خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی نوێیەو لەرەوتی رۆژنامەنووسی کوردیدا دەگمەنە , لەبەرئەوە چیرۆکەکانی (( لەخەوماو دوانزە سوارەی مەریوان و تۆڵە سەندن و مدیربەگ)) (٤٦) توێژینەوەو هەڵسەنگاندنیان لەبارەوە کراوە , پێویست نىیە لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە (٤٧) ٠ باشترە باس لەو بەرهەمانە بکەین کەلە رۆژگاری (رزگاری) دا نووسراون و پەیوەستن بەو رۆژگارو سەردەمەوە , وەك چیرۆکەکانی (ئۆخەی خۆ توتنەکەم ئاودا – شێخانی) و (بڕیارێکی گرنگ- گاهر صالح سعید) و (( سروودی سەرکەوتن – م.ئارام)) و ( گلەیی سەرەمەرگ – محمد صالح رشید) و (تەلیسمی سەرسنور – رەئووف ئەحمەد حسن )[٤٨] ... کەنووسەرەکانیان ,قەڵەم رسکاوەکانی ساڵانی شەستەکانن و تازە خۆیان بەخوێنەر ئەناسێنن , کە دواتر ناوو بەرهەمیان هەڵکشاوو شێوازی تایبەت بەخۆیان وەرگرت ٠

پاڵەوان لەچیرۆکی (ئۆخەی خۆ توتنەکەم ئاو)دا, هەر جوتیارێکی ماندووی سك هەڵگوشراوی رەنج بەبابردوی کوردە , کە ململانێی مەرگ و ژیان لەگەڵ زەوی و چاندندا ئەکات تا مەمرەو مەرگی گوزەران بەڕێوەبباتِ, (مینە رووت)ی نەخۆش و موبتەلا بە (سێبەڕۆ), دانیشتووی گوندیێبوو کەوەك چیرۆکنوس ئەڵێ ((هەرچەندە پیاو چاوی بەدانیشتوانی ئەم شوێنە ئەکەوت , ئیتر ئەوا ژیان و ناوی ژیانیش لەبەر چاو ئەکەوت ))[٤٩] ئەم چیرۆکە تەنیا گێڕانەوەو گواستنەوەی دیمەنی واقیعە نەك رێنوێن و هاندەر بەمەش ئەچێتە ریزی چیرۆکەکانی شاکر فەتتاح و سەجادی ساڵانی چلەوەو بە شێوازو زمانێکی نوێترو هونەریانە تر ٠ (بڕیارێکی گرنگ) گەرچی کێشەی جوتیارو ئاغایە بەڵام لێرەدا , پاڵەوان کەسێکی یاخىیەو مل بۆ فەرمانی (جەوهەرئاغا) نادات و نەك کچەکەی بۆ نانێرێت , خۆی ئەبێتە گڕکانی تەقینەوەی رقی جوتیاران و راپەرین دژ بەدام و دەزگای زۆرداران تا هەر لەو بڕیارە شۆڕشگێڕییەوە دەزگای دەرەبەگایەتی کلۆم ئەدرێت و بەیەکجاری لەچەوساندنەوەی چینایەتی رزگاری ئەبێت و ((هەموو ساڵێك لەو شەوەدا ,سەرجەم دانێشتوانی ئەو ناوچەیە گرد ئەبنەوە , لەو گوندەدا تا رۆژ ئەبێتەوە ئاهەنگ و بەزم ئەگێڕن بەیادی گۆڕ کردنی یاسایی دەرەبەگایەتی لەناوچەکەیاندا))[٥٠] (سروودی سەرکەوتن – م٠ئارام) لەو چیرۆکانەیە کەباسی قارەمانێتی پێشمەرگەو هێرش و نەبەردەکەی ئەکات دیمەنی شۆڕشی سەرکەوتن و شەهید , وەك تابلۆیەکی زیندووی ئەو ساڵانە , وێنە ئەکێشێت لەلایەك دڕندەیی دوژمن کەژیان و بەهەشتی رازاوەی کوردستان لە خەڵکەکەی کردبووە دۆزەخ ((سەرەتای مانگی نیسان بوو , دەشت و دەر تارایەکی سوری لەگوڵاڵە پۆشیبوو–لەراستیا بەهاری ئەمساڵ ئێجگار رەنگین و جوان خۆی پیشانی خەڵکەکە ئەدا , بەڵام کەدڵ جىێ خۆشی تیا نەبۆوەو لەجیاتی بەستەو گۆرانی بەسۆز : دەنگی نالەباری شەڕو تەقەی گوللەو بۆمباباران هاتە بەرگوێ , ئەوا بەهار هەرچەندە سەوزو سورو رازاوەش بێت , هەر خۆی رەش ئەنوێنێ...))[٥١] لەوجێ مێرگ و سروشتە رەنگینەدا ((جەنگاوەرەکان هاتبون بۆ ئەوەی دواجار هاوڕێ شەهیدەکەیان بەڕێ بکەن , بۆ ئەوەی شەهیدێکی تر لەکاروانی جەنگاوەران بەخاکی کوردستان بسپێرن , فرمێسك بەچاویانا نەهاتە خوارەوە , بێ پەژارە هەریەکەیان خەریکی ئیشێك بوو , وەکو گریان و خەفەت بە نەنگی و

پەشم بزانن))[٥٢] لە کۆتایی‌دا چیرۆکنوس مارشی سەرکەوتن ئاوێتەی ئەوماتەمە ئەکات و وەك راستی‌یەك ئەوە ئەخاتەوە یادمان کەداری ئازادی بەخوێن نەبێ بەرناگرێ ٠

((سروودی ئەی رەقیب کەهەموو بەیەك دەنگ ئەیان وتەوەو چریکەیان لەگەڵ سروەی شەماڵ و هوزارو زایەڵەی شاخە قوچەکانا تێکەڵ ئەبوو))[٥٣]

ئەمە نمونەی ئەو چیرۆکانەیە کەچ وەك بابەت و وەك شێواز نوێیەو سەرەتاکەی لە (پێشمەرگەی) رەحیمی قازی‌یەوە دەرکەوتووە , واقیعی شۆڕش و قوربانییەکانی ئیلهام بەخشی نووسینی بوون ٠

لەچیرۆکی (گلەیی سەرەمەرگ)دا چیرۆکنوس لەلایەك لەباری ناهەمواری کۆمەڵایەتی ئەدوێ کە یەکێکیان ئەو سستمی باوك سالارییە کە منداڵی کوردی چەپاندووەو شێوەی فلاش باگ ئەو جەورو ستەمە ئەگێڕێتەوە , کەباوکی-باوکێکی دڵ رەق وەك نمونەی چەندانی تر , حەزو ئارەزوی منداڵەکانیان سەربڕیوەو دەیان گرێکوێرەیان لەژیانە سادەو ساکارەکەیان داوە , بە دیویکی تر کوڕە لەلاوێتی‌دا (فریشتەی خۆشی‌و هات بە ژێر کوڕەوە , چ فریشتەیەك کە رزگاری کرد لەدەردەسەری , شۆڕش.... لەسەرەتای شۆڕشە پیرۆزەکەی نەتەوەی کوردەوە بوو بە پێشمەرگەیەکی دڵسۆز ,ماوەی دوو ساڵ لەکۆڕی خەباتدا بوو , تا تووشی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە بوو,کە ئێستا وای لێکردووە لە جێگادا بکەوێت )[٥٤]٠ نووسەر کارامانە توانیویەتی پەنجە بۆ چەوساندنەوەی خێزان و بارە سایکۆلۆژیەکەی منالْ بەرێت و شۆڕش و رزگاربوون بە پسانەوەی ئەڵقەیەك لە دوای یەکەکانی ئەو نەهامەتیە ئەزانێت کە تاکی کوردی ئابلۆقە داوە ٠

لەو کاتەوەی کوردستان بۆ جارێکی‌تر دابەش کرا , دوای جەنگی یەکەمی جیهانی , هەربەشەی کەوتەوە ژێر رکێفی داگیرکەرێکی نوێوە , ئازارو مەینەتیەکانی دابەش بوون , سنورو تەلبەندی دڕکاوی‌و سانسۆرو مل کەچ بوون بۆ ئەوکەلتورو فەرهەنگی ئەو دەسەڵاتەی کوردی بەسەردا دابەش کراوە , هەموو ئەمانە شێوەی خەباتەکەی پەرت کردوو داگیرکەرانی لەسەر ئەوە کۆك کرد کەبۆ سەرکوتی هەر بزوتنەوەیەك لەهەر بەشێکدا یەکانگیربن , شاعیران و نووسەرانی کورد هەڵی بێ وچانیان داوە بەقەڵەم و هزرو بیریان ئەم تەلیسمە بڕەوێننەوەو هاو ئامانجی کورد لەهەر کوێ‌بێ یەك بخەن , چیرۆکی (تەلیسمی سەرنووسەر) هوڵێکە بەو ئاقارەدا ((گەرمیانی‌و کوێستانی ... یان خەڵکی ئەم دیوو ئەو دیوو , تەلیسمی ستەمکارو دیوو سروشتەکانە , چاو بەستی ئێمەی کوردیان پێ‌کردبوو... جا خوا یاربێ رۆژێ لە رۆژان ئو تەلیسمە هەر ئەشکێنرێت))[٥٥] ئەمە ئەو هیواو ئاییندە گەشەیە کەلەگەڵ هەموو بارێکی پڕ ناسۆرو ستەمدا , نووسەر بەدی ئەکات و مل بۆ واقیعی سەپاو نادات , شێوازی ئەم چیرۆکە لەرووی بابەت و شێوازەوە هەڵگوزراوی واقیعی تاڵەو پاڵەوانەکانی ئەم ئەمڕۆ زیندوون و هەوڵی رزگار بونیانە ٠

لەو تێکەڵە چیرۆکانەدا , ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ , کە رزگاری بەمەبەست و بەرنامە گوڵبژێری کردوون و لەمەسەلە چارەنووس سازەکانی داوەو وەك چۆن بە وتارە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان پێکاونی , بەژرانرە ئەدەبیەکانی نوێکردنەوەو رێچکەشکێنی کردووەو هەوڵی داوە ببێتە مۆدێل و قەڵمی نوێی بۆ راکێشێ٠

گۆڤاری رزگاری جگەلە شیعرو چیرۆك , چەندین وتاری رەخنەیی سەبارەت بەئەدەبی كوردی بلاَو كردۆتەوە , جگە لە شانۆ نامەو وتاری كۆمەلاَیەتیو مێژوویی , كەهەریەكەیان پێویستیان بەباسێكی سەربەخۆ هەیەو لەم توێژینەوەیەدا تەنیا بوار بۆ بەرهەمە شیعریوچیرۆكەكان رەخسا كەبەپێی سنوورو چوارچێوەی باسەكە , هەلَیان سەنگێنین ٠

## ئەنجام

گۆڤاری (رزگاری) لەگەلْ ئەوەی پەیامێكی سیاسیو فیكری هەلَگرتبوو , توانی لەرێگای پازدە ژمارەو لەماوەی كەمتر لەیەك سالْ , ٢٠/نیسان/١٩٦٩ تا ٢٧/ئازاری/١٩٧٠ , دەرفەت و بوارێكی لەبار بۆ ئەدەبی كوردی و ژانرەكانی بڕەخسێنێو لە چەق بەستن و پەنگ خواردنەوەی چەند سالَەی (١٩٦٢) تا (١٩٦٩) دەربازی بكات و گیانێكی نوێی بەبەردا بكات , رزگاری كە رێبازی ریالیزمی سۆشیالیستی كردبووە ئەو بنەماو پێگەیەی كە ئەتوانیْ ئەدەب بژێنێتەوە , لایەنگری ئەو قەلَەمانە بوو كە لا لە دەردە كۆمەلاَیەتیەكان ئەكەنەوەو پەیامی نەتەوەیی بەرز رائەگرن ٠

(رزگاری) ئەدەب وەك چەكی بەرگریو بەگژداچوونەوە ئەخاتە كۆڕی خەباتی سیاسیو پەیامداری ئەخاتە ئەستۆی شاعیرو نووسەری كورد تا بەرهەمەكانیان رۆلَی گۆرانكاریو راچەنین و وشیار كردنەوەی جەماوەر ببینن٠ شیعرو چیرۆكە بلاَو كراوەكان بەناوەرۆكی نوێو شێوازی سەردەمانە , بوونە سەرەتایەك بۆ نوێبوونەوەو هاندانی قەلَەمی بوێر كە كاژی لاسایی كردنەوەو خۆ بەدوور گرتن فڕێبدەن و بەشداری لەبزافی رزگاری خوازی كورددا بكەن ٠ خامە گەش و دیارەكانی ئەم هەولَەی گۆڤارەكە بریتیەیە لە : هەولَی چەسپاندن و دامەزراندنی رایەلَە گشتیەكانی رێبازی ریالیزمی سۆشیالیستی كەلەو سەردەمەدا , سەنگەری بەرەنگاریو لایەنگری جەماوەری بووە ٠

بەستنەوەی پەیامی ئەدەب بەچارەنووسی گەل و چینە زەحمەتكێشەكانی كوردستانەوە , كەهەمیشە سوتەمەنی شۆڕش و كوانووی كوردایەتی بوون ٠

گواستنەوەی دیمەن و واقیعی تالَی گوندو شارۆچكەو شارەكانی كوردستان بۆ ناو بەرهەمە ئەدەبیەكان , تیشك خستنە سەر پالَەوانە پەراوێز خراوەكانی كۆمەلَی كوردیو نەهامەتیەكانیان بە بەكارهێنانی زمانی سادەو دەستەواژەی نوێو هەولَی بەكاهێنانی زمانی كوردی وەك زمانی فەلسەفەو شیكردنەوەی رووداوە سیاسیو كۆمەلاَیەتیەكان ٠

كۆكردنەوەی ژمارەیەك شاعیرو چیرۆكنوس و نووسەری بەهرەمەند لەدەوری گۆڤارەكەو گەیاندنی پەیامەكەیان بۆ خوێنەری كوردی لەرۆژگارێكدا كەرۆژنامەنووسی كوردی لەقەیراندا بووە ٠

والاَكردنی لاپەڕەكانی بۆ بلاَوكردنەوەی بەرهەمی شاعیرو نووسەرانی بەشەكانی تری كوردستان بەتایبەت (كوردستانی رۆژهەلاَت) و ناساندنیان بەخوێنەر ٠

لەکۆتاییدا ئەتوانین بەرهەمە بلاوکراوەکانی (رزگاری) وەك بەشێکی گرنگ و کاریگەر لەئەدەبی بەرگری تۆمار بکەین و لەو خانەیەدا پۆلێنیان بکەین ٠

پەراوێزو سەرچاوەکان :

١. پێویستە ئاماژە بەوەبدەین کەهەر بەناوی (رزگاری)یەوە , بلاو کراوەیەکی نهێنی کەئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد بووە , بەتایب و رۆنیو لەئەیلولی ١٩٤٦ دا چاپکراوەو بەنهێنی بلاو کراوەتەوە ٠ هەروەها گۆڤارێك بەم ناوەوە ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا بە ئاشکرا دەرچووە , سێ ژمارەی بەچاپ گەیەندراوە ٠ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە * گۆڤاری رۆژنامەڤانی ژ١١ و ١٢ س ٤ , هەولێر ٢٠٠٣ ل١٣٥ هەروەها *نەوشیروان مصطفى ئەمین , چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانی کوردی , ١٩٣٨- ١٩٥٨ رۆژنامەوانی نهێنی , بەرگی سێهەم / بەشی یەکەم سلیمانی ٢٠٠٤ ل ١٩٣ تا٢٢٠ ٠
٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د.کمال مەزهەر ئەحمەد , تێگەیشتنی راستیو شوێنی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا , بەغدا ١٩٧٨ ل٢٤١تا٢٤٧ ٠
٣. بڕوانە: نەریمان و مستەفا سید ئەحمەد , بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی ١٧٨٧-١٩٧٥ و چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا/ ١٩٧٧ ٠
٤. عومەر مەعروف بەرزنجی , لیکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٨ , لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد , بەغدا ١٩٧٨ ل/١٤٣ ٠
٥. شازین هێرش و نزار محمد , بەڵگەنامە , بەرگی دووەم , لەبلاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ , شارەوانی سلێمانی , سلێمانی ,٢٠٠٣ , ل١٥ ٠
٦. گۆڤاری رزگاری ژ١س١ ,٢٠/نیسان/١٩٦٩ ل٣٠ ٠
٧. هەر ئەو سەرچاوەیە ل٤ ٠
٨. بنەماڵەی صائیب , چەندین رووناکبیرو قەڵەمی بەبڕشت و خاوەن هەڵوێستیان تیادا هەڵکەوتووە , لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەشداری بزافی رووناکبیری کوردستانی باشوریان کردووە , ناوو ناوبانگی (عارف صائیب , جەمیل صائیب , جەمال عیرفان , زەکی صائیب , شەماڵ صائیب ... هتد) بەنەوەی دوێنێو ئەمڕۆ ئاشنان , شازاد صائیب لەسەر رێچکەی بنەماڵەکەی لەهەرەتی لاوێتیەوە چالاکانە لەبزوتنەوەی قوتابیانی کوردستان و دواتر وەك پارێزەرو نووسەرو دیبلۆمات , داکۆکی لەمافی رەوای گەلەکەی کردووە , ئەو کاتەی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بوو لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا (سلێمانی) بەکارەساتی ئوتۆمبیل رۆژی ٢٠٠١/٥/٢١ کۆچی دوایی کرد٠
٩. چاوپێکەوتنێ لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و مانگانەی بەدرخان ژ٤٢ , رۆژی ٢٢-مارتی-٢٠٠٣ , ل٣ ٠
١٠. هەر ئەو سەرچاوەیە ٠
١١. بڕوانە : گۆشەی رزگاری و خوێندەواری , رزگاری ژ٥ , ٢٢-٦-١٩٦٩ , ل٣٨ ٠
١٢. هەر ئەو سەرچاوەیە ٠
١٣. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەرێبەرانی ریالیزم و ریالیزمی سۆشیالیستی لە ئەدەبدا بڕوانە ئەم سەرچاوانە :
   - دیهیان گرانت , رئالیسم (واقع گرایی) ترجمه : حسن افشار چاپ اول , چاپ سعدی طهران ١٣٧٥ هـ . ش ٠
   - عبدالرزاق اصفر , مذاهب ادبية لدى الغرب مع الترجمات والنصوص لابرز اعلامها , من منشورات اتحاد كتاب العرب ,١٩٩٩ لةسايتى ئينتةرنيَت وةرطيراوة ٠
   - الدكتور سالم احمد الحمداني , مذاهب ادب الغربي , جامعة الموصل , ١٩٨٩ ٠
١٤. کونجی پیلە بازی , رزگاری ژ٢ , ٢٧/نیسانی/١٩٦٩ ل٢٢٠ ٠
١٥. (ژدانۆڤ) ساڵی ١٩٣٤ , لەیەکەمین کۆبوونەوەی سەرتاسەری نووسەرانی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا ,

رایگەیاند کە نووسەر ئەبێت نەك پشتگیری لەریالیزم بکات , بەڵکە ئەبێت لەگۆڕانی شۆڕشگێڕانەشدا بەشدارو نەخشەکێش بێت , پێش ئەویش , (مەکسیم گۆرکی) پێیوابوو کەدەستەواژەی (ڕۆمانتیکی شۆڕشگێڕانە) ناوێکیتری ریالیزمی سۆشیالیستییە کە ئامانجی نەتەنیا نەخشە دانانە بۆ رەخنە لەرابردوو بەڵکە زیاتر دەست تێوەردانی کاری شۆڕشگێڕانەیە لەئێستاداو دۆزینەوەی دیدو ئامانجی گەشبینانەیە بۆ ئاییندەی پڕ شکۆی سۆشیالیزم ٠ بڕوانە رئالیسم (واقع گرای) سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٩٣, ٩٤ ٠

١٦.بڕوانە: د٠سالم احمد الحمدانی , مذاهب ادب الغربی , سەرچاوەی پێشوو ,ل١٥٧ ٠

١٧.بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەڕیالیزم لەئەدەبی کوردیدا بڕوانە :د٠عزالدین مصطفی رسول , الواقعیة في ادب الكردي , دار مکتبة العصرية , صيدا البيروت ١٩٦٦ ٠

١٨. بڕوانە د٠سالم الحمدانی , سەرچاوەی پێشوو , ل١٥٥ ٠

١٩. رزگاری ژ١,٢٠/١/نیسانی/١٩٦٩,ل٤ ٠

٢٠.بڕوانە د٠سالم الحمدانی , سەرچاوەی پێشوو ,ل١٨١ ٠

٢١.بۆ زانیاریی زیاتر ,بڕوانە : د٠عزالدین مصطفی رسول , سەرچاوەی پێشوو ٠

٢٢.دیوانی گۆران , کۆکردنەوەو پێشەکی محمدی مەلا کریم , بەغدا١٩٨٠ , ل٢٧٠ ٠

٢٣.بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەرێبازی ریالیزمی سۆشیالیستی (الواقعية الاشتراكية) بڕوانە ئەو سەرچاوانەی لەپەراوێزی ژمارە (١٣)دا ناویان هاتووە ٠

٢٤.گۆڤاری گەلاوێژ, ژ٥ , س٩ , مايس ١٩٤٨ ,ل٥٣ تال٥٦ ٠

٢٥.رزگاری ژ١ , ٢٠نیسانی ١٩٦٩ ل٢٠تال٢٢ ٠

٢٦.رزگاری هەر ئەو ژمارەیەل٢٥ , شاینی ئاماژە پێکردنە کە ئەم نمونە پڕپێزو ئامانج دارەی (دیلان-گوڵی ئاوات) کەلەژ١ی رزگاریدا بلأوکراوەتەوە , دوای (١٨)ساڵ لەدیوانە چاپکراوەکەیدا (دیوانی شیعر ) تۆمار نەکراوە , نەك هەر ئەوە بەڵکە زۆربەی ئەو شیعرانەی دیلان کەلە رزگاریدا بلأوکراونەتەوە , لەدیوانەکەیدا بێبەشکراون , ئەمەش کەلێنێکە لە رەوتی بیروگەشەی شیعری (دیلان) لەمێژوو ناسانی ئەدەب و توێژەرەوان ون ئەکات ٠

٢٧.چەند سەرنجێك لە (دیوانەکەی دیلان) رزگاری ژ١ ٠

٢٨.(رەخنەی ئەدەبی ئەمڕۆمان ئەبێ چۆن بێ ؟ ) رزگاری ژ٢ ,ل١٥ ٠

٢٩.(توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت ٠ شیعری مەلا ئاوارە) رزگاری ژ٣ , ل٣٩ ٠

٣٠.(کریستۆ بۆتیف-پاڵەوانی نیشتمان پەروەریو بوێژی ... ) وەرگێڕ ح.ك,رزگاری ژ٤ ,ل٣٣ ٠

٣١.(سرودی نوێ-جەمال شاربازێڕی) رزگاری ژ٧ ,ل١٧ ٠

٣٢.(گری وتە-هێمن) رزگاری ,ژ٦,ل٣٢ ٠

٣٣.بەشێکی بەرچاو لەشیعرەکانی (قانع) کەلە دیوانی (پاشمەرگە) وەرگیراون لەگۆڤاری رزگاریدا بلأوکراوەتەوە بەو هۆیەیکە(قانع) دەنگی چەوساوەکانی کوردستانە ٠

٣٤.سەبارەت بەژیان و بەرهەمی ئەو نووسەرانە , بڕوانە د٠ عبدارزاق اصفر , المذاهب ادبیه.... سەرچاوەی پێشوو ل٩٧ ٠

٣٥. گۆشەی (رزگاری)و خوێنەوارانی ,ژ٥ , ل٣٩ ٠

٣٦.هەر ئەو سەرچاوەیە ,ل٤٠ ٠

٣٧.بڕوانە ئەم ژمارانەی رزگاری ژ١,ژ٤ ٠

٣٨.بۆ نمونە بڕوانە هەردوو چیرۆکی (کۆڵ هەڵگرە منالەکە)و(دەڕابە چەورکەرەکە),ژ٥,ژ٧ ٠

٣٩.رزگاری ژ١٤ و ژ١٥ ژمارەی تایبەتی چیرۆك ل٣ ٠

٤٠.چیرۆکی (زیندانی ژمارە٦) رزگاری ژ٦ ,ل١٨ ٠

٤١.بڕوانە چیرۆکی (قەد لەیادم دەرناچێ-٠س٠) رزگاری ژ٢ , ل٣٨ ٠

٤٢.رۆمانی (ژانی گەل) لەژمارە ١ی گۆڤاری رزگارییەوە تا دوا ژمارە چەند بەشێکی بلأوکراوەتەوە , دواتر ساڵی ١٩٧٣ بەپێشەکییەکی (د٠کمال فؤاد)ەوە چاپ کراوە , بڕوانە :ئیبراهیم احمد , ژانی گەل سلێمانی ١٩٧٣, ٠

٤٣.رزگاری , ژ١٤ وژ١٥ ,٢٧/مارت/١٩٧٠ل٣ ٠

٤٤.هەر ئەو سەرچاوەیە ٠

٤٥.بڕوانە چیرۆکە بلأوکراوەکان هەر لەژ١٤ و ژ١٥ی گۆڤاری رزگاریدا ٠

٤٦.هەر ئەو سەرچاوەیە ٠

٤٧.بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی چیرۆکەکانی (لەخەوما , دوانزە سوارەی مەریوان , تۆڵە سەندن ,

مدیر بەگ) بڕوانە :
*لەخەوما , پێشەکی جەمال بابان/بەغدا١٩٧٥ ٠
*حسین عارف , چیرۆکی هونەری کوردی , بەغدا١٩٧٧ ٠
*عومەر مەعروف بەرزنجی , سەرچاوەی پێشوو ٠
٤٨.بڕوانە رزگاری دوا ژمارە(١٤و١٥) ٢٧/مارتی/١٩٧٠ ٠
٤٩.(ئۆخەی خۆ توتنەکەم ئاودا–شێخانی) رزگاری ژ١٤وژ١٥ ,ل٤٤ ٠
٥٠.(بڕیارێکی گرنگ–طاهر صالح سعید) رزگاری ژ١٤وژ١٥ , ل٤٧ تا ل٤٩ ٠
٥١ ,٥٢,٥٣ .سرودی سەرکەوتن/م.ئارام , رزگاری ژ١٤ و ژ١٥ ,ل٥٠ تا ل٥٢ ٠
٥٤.(گلەیی سەرەمەرگ–محەمەد صالح رشید) رزگاری ژ١٤ و ژ١٥ ,ل٥٢ تا ل٥٤ ٠
٥٥.(تەلیسمی سەرسنور–رەئووف ئەحمەد حسن) رزگاری ژ١٤ و ژ١٥ ,ل٥٧ ٠


## (ملخص البحث)

اهتمت مجلة (رزگاری) ومن خلال اعدادها الخمسة عشر من ١٩٦٩/٤/٢٠ للغاية ١٩٧٠/٣/٢٧، اضافة الى جانب مهامها السياسية والفكرية بالادب الكردي المعاصر , كانت دافعا وحافزا للمذهب الواقعية الاشتراكية , ان الموضوعات المنشورة فيها , سوءا اكانت شعرا ام قصة ام مقالة , تعتبر من الثراء والغناء , تستحق كتابات وبحوث كثيرة ٠

حاول الباحث ان يبين دور المجلة وانهاض وانتعاش ادب الكردي المعاصر و بعد فترة من ركود والانكماش وقد اضحت اعدادها موضع ثقة وكانت مرجعا للكتاب والقراء الكرد من الجيل الجديد لستينات من القرن العشرين ٠

ان محاور هذا البحث ذوو منحنين : التأريخية والادبية اى تقيم العناصر الادبية من الزاوية التأريخية والادبية اي تقيم العناصر الادبية من الزاوية التأريخية والادبية اي العناصر الادبية من الزاوية التأريخية ودورها ضمن اطارها الزمني مع اشادة بمجهود الشعراء والكتاب البارزين ٠



## *Summary*

*Rizgary magazine could provide a new strength to the kurdish literature through fifteen issues from 20/4/1969 to 27/3/1970 .*

*In spite the fact that this magazine is a political one it was interested in the intellectual aspects .*

*From this view it became an incentive for the socialist and realistic literary doctrine. And the works published in this magazine whether they are poems or novels or articles bear in them many researches to enrich the subjects.*

*This research is interested in the poetry and short story and made a new step towward a new stage which was the beginning to find new literary elite.*